# ئەو ساڵەی بێژەری دەنگی کوردوستان بووم

## بەشی یەکەم

**حەمەڕەشی هەرەس**
hemereshid@hotmail.com

پێشەکی

مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە، ئاشکراکردنی هەندێک راستییە بۆ مێژوو، پاشئەوەی گوێبیستی ئەوەبووم هەندێک کەسایەتی لە سەر یەکێک لە کەناڵەکانی سەتەلایت، دانیشتنێکیان ئەنجامداوە و، بە هەوەسی خۆیان داویانەتە بەری و زۆر راستییان پێشێلکردووە و رۆڵی خۆیانیان تیا زەقکردۆتەوە و، یان کەسانێک هاتوونەتە ناو بابەتەکەوە کە لە دوور و نزیکەوە ئاگایان لە مەحمووی بێزەواد نیە، نازانم چۆن ئەو مافەیان بە خۆیان دابوو لە بابەتێک بدوێن کە ئەسکوێیان بە هیچ جۆرێک ئاشنای ئەو دیزەیە نەبووە و بگرە لەو کاتانەدا لەو شوێنەشدا نەبینراون، ئیتر کە رێگا پان بوو خۆشە سنگ دەرپەڕاندن.

حەزئەکەم ئەوەش روونبکەمەوە گرنگی نادەم بە رۆڵی کەسایەتیە ترسنۆکەکان، هەروەها ئەوانەش کە پاش پلانە نێودەوڵەتییە بێئاپرووەکەی جەزایری نەگریس دژی کورد هاتنەوە و بە ملشۆری لە ریزەکانی بەعسا ملیانتێنا، چونکە قێز لە هەردوو لایان ئەکەمەوە، بە تایبەتی ئەوانەی دوایی.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێم بۆ نووسینی ئەم بابەتە پشتم بەستووە بە بیرەوەری خۆم و ئەو بەرێزانەی تا ئەمڕۆ ماون و لە هەمان کاتدا ئەو بەرێزانە بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ بابەتەکەم، چونکە ئەو بەرێزانە هەموویان رۆشنبیر و ناوداری کوردن، کەسانی پایە بڵندن، مرۆڤی ئاسایی نین، لەبەر ئەوە زۆر بە پارێزەوە بۆ مەبەستەکەم ئەڕۆم نەک خوانەخواستە بکەومە هەڵەوە و لە بارستایی بابەتەکەم کەمکەمەوە، ئیتر دەست لە دەست و هێز لە ئاهورامزدای مەزن سەرچاوەی دلۆڤانی و بەخشندەیی.

**چوونە ناو باس**

لە کۆتایی مانگی دووی 1974 بڕیارمدا بچمە ناو ریزی شۆرشی ئەیلوولی پیرۆزەوە و هەر ئەو کاتە کە لە ناوچەی کەندیناوا مامۆستابووم، بەرەو چۆمان کەوتمەڕێ، لەوێ هەوڵمدا لە ئێزگەی دەنگی کوردوستان کاربکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خۆیان بۆ ئەو کارە ئامادەکردبوو، هەمووشیان وابەستەبوون بە لێپرسیارەکانەوە، من نەمدەتوانی جێی خۆم لەناویانا بکەمەوە، ناچار چوومەوە بۆ بەشی پەروەردە و وەک مامۆستا ناردمیان بۆ گوندی هاودیان لە ناوچەی رەواندز، نزیکەی مانگێک لەوێ مامەوە و،ئیتر ئەو گوندەش بوو بە هێڵی پێشەوەی شەڕ و هەر زوو گوندەکە چۆڵیکرد. لەو گوندە بەتالیۆنێکی هێزی زۆزکی لێبوو سەرکردەکەی ناوی (سەی عاسی) بوو، داوام لێکرد وەک پێشمەرگە لای خۆی وەرمگرێت، هەرچۆنێکبوو قایلمکرد و کردمی بە پێشمەرگە لەو بەتالیۆنە، پاش هێرشێک بۆ سەر سەربازگەکەی گۆرەز لە گەلی عەلی بەگ، کاک عاسی زانی کە خوشکەزای دۆستێکی ئەوم، پێی وتم برا من ناتوانم تۆ لای خۆم بهێڵمەوە، تۆ هونەرمەندی، مامۆستای، جگە لەوەش ئەگەر شەهیدببیت من چ وەڵامێکی کەسوکارت بدەمەوە؟

ئەوەبوو ئیتر هاتمەوە چۆمان بە نیازی ئەوەی برۆم بۆ پێنجوین، بۆ لای هونەرمەندانی سینەما و شانۆ، لە چۆمان بە رێکەوت چاوم بە (مستەفا ساڵح کەریم) کەوت، وتی بۆ ئەڕۆی بۆ پێنجوین

بۆ نایەیت لە دەنگی کوردوستان ببیت بە بێژەر؟ زۆر سەیرم بە داواکەی هات، وتم ئەوە بە راستتانە؟ جا جێگە ماوە بۆمن؟!!

وتی ئێستا من لێپرسراوی بەشی کوردیم، کەسی وای لێنەماوە زۆرجار ناچار خۆم کاری بێژەری ئەکەم، هەموو لە ترسی فرۆکە ئەو ناوەیان بەجێهێشتووە. هەر ئەو کاتە بردمی بۆ ئێزگە و بابەتێکم پێشکەشکرد، بۆ سبەینێ چووم بۆ لای کاک مستەفا و بردمی بۆ لای دارا تۆفیقی رەوانشاد، ئەو کاتە بەرێزیان ئەمینداری گشتی راگەیاندنبوو، دەمودەست فەرمانی وەرگرتنمی دەرکرد و فەرمووی گوێم لە دەنگتانبوو زۆر سەرکەوتووبوون. ئەو رۆژە بەتەواوی نازانم کەیبوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە شاری قەڵادزێ بۆردومانکرا کە 24ی نیسانی ساڵی 1974 بوو، مانای ئەو کاتە من سێ چوار رۆژبوو بێژەری دەنگی کوردوستان بووم.

سەرەتای کارکردنم لە ئێزگە ئەم کەسایەتیانەم دی، رەوانشاد کاک عەبدولخالق مەعروف سەرۆکی بەشی تەکنیکی ئێزگە، کاک ئەحمەد دەشتی کاری تۆمارکردن و وابزانم جارجار یارمەتی کاک عەبدولخالقیشی ئەدا، کۆمەڵێک ئەندازیاری ئیزگە بە داخەوە هەندێکیان ناوی باوکیانم بیر چۆتەوە، کاک ئەمجەد، ئەندازیارێکی سەرکەوتووبوو کاک عەبدولخالق زۆر باوەڕی بە کارەکەیبوو، کاک فازیلی شێخ زەینەدین، کاک ئەکرەم ئێستا لە هۆڵاندەیە، کاک ئازادی بایز ئاغای دزەیی، کاک ئازادی فواد عارف، دواییش دوو ئەندازیاری تر هاتن ئەوانیش مەریوان رەشید و بەختیار نەجمەدین بوون، دوانسیانێکی تریش بەداخەوە ناویانم بیرچۆتەوە، ئەم برادەرانەش جار جار کاری تۆمارکردنیان ئەکرد، فازیل قەساب، زوهیر عەبدولمەسیح، عەبدولرەحمان لەگەڵ براکەی، عەبدولکەریم دەشتی و برایەکی خواڵێخۆشبووی تری.

نووسەرانی ئێزگەش بریتیبوون لە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەم بەرێزە سەرۆکی دەنگی کوردوستان و چاپخانەی شۆرشیش بوو، کاک فەلەکەدین کاکەیی،لێپرسراوی بەشی عەرەبیشبوو، کامەران قەرەداغی ئەمیش هەر لێپرسراوبوو لە بەشی عەرەبی،دارا تۆفیق، سامی عەبدولرەحمان،مستەفا سالح کەریم،مام هەژار، ئەنوەر قادر جاف،لەتیف هەڵمەت،رەووف بێگەرد، نووسەری ئەم بابەتە،سەلام مەنمی،فواد حەمە خورشید، شێرکۆی بێکەس ئەم پاش ماوەیەکی کەم لە ترسا هەڵات بۆ مەریوان و لەوێ کوژایەوە،ئەم برادەرانەش جارجار ئەیاننووسی، فەرهاد شاکەلی، مەهدی ئومێد، ئەحمەد رێبوار، ئەم دووانەی دوایی بێژەریشیان ئەکرد،عەبدولغەنی عەلی یەحیا، عەبدوڵا ئاگرین،حافز ئەنوەر مائی، خەڵەف زێباری(ئێستا لە دەنگی ئەمەریکا کاردەکات، زوو زوو تەلەفۆن بۆ یەکتر ئەکەین نموونەی هاورێیەتی و وەفاداریی و نەتەوەییە)، ئەم دوانەی دواییش بێژەری بەشی کرمانجیشبوون.

بێژەرەکانیش ئەم برادەرانەبوون:

بەشی کوردی، سۆرانی:
حەمەرەشی هەرەس (نووسەری ئەم بابەتە)،
حەسەنخۆشناو، بەرزان خالید،ئەحمەد رێبوار، مەهدی ئومێد.

بەشی کرمانجی:
حافز مائی، خەڵەف زێباری، محەمەد ئەمین ئاکرەیی،ئەنوەر تاهیر(ئەم جار جار بە ئینگلیزیش بێژەری ئەکرد).

بەشی عەرەبی:
محەمەد بەدری، عەبدولوەهاب تاڵەبانی،دارا سدیق نوریجان، تالب غوڵام، خەلیل بەداخەوە ناوی باوکی نازانم، یەکدوانێکی تر بیرم نەماوە.

بەشی ئەنگلیزی:
محەمەد شوکر، عەبدولرەحمان ئەبراهیم فەرهاد، نووسەرەکانیش، شیخ عەبدولّا،محەمەد بەکر، جار جاریش کەمال میراودەلی و سەلاح عیرفان.

بەشی تورکومانی:
سوها( ناوی باوکی نازانم)، سەلاح نووری،ئەحمەد بێکەس.

بەشی ئاسووری:
دەنسا حەریری، گۆرگیس، یوشیا.

ئەم بەرێزانە،(جگە لەوانەی بوونە بەعسی، کە بەڕێزنین) بریتیبوون لەوانەی ئەو ساڵە 1974-1975 دەنگی کوردوستانیان بەڕێوە ئەبرد، ژمارەیەکی بێشوماری تریش بەناو لەم دەزگایە کاریان ئەکرد، بەڵام پەنجەیان بە ئاوا نەدەکرد. خوێنەری بەرێز ئەوکاتە کارکردن لە ئێزگەی دەنگی کوردوستان هەوا ئاسان نەبوو، لەبەر هێرشی فرۆکە بۆ سەرمان، بەتایبەتی خودی ئێزگەکە کە بە تەنیشت گوندی مەمی خەلانەوەبوو، لەوێ هەموو دەمێک مەرگ بەسەر سەرمانەوەبوو، زۆربوون ئەوانەی لەترسا هەڵاتن و ئێمە تا دوا هەناسەی شۆرشەکە ماینەوە، لە بەشەکانی داهاتوودا بە دەستپاکییەوە هەموو ئەو رووداوە زەقانە بیر مێژوو ئەخەمەوە، بەشبەحاڵی خۆم خاڵ دەخەمە سەر زۆر دیاردە بۆ ئەوەی سەروەری ئەو ساڵە و ئەو بوارە گەشەی (ئیرە دەنگی کوردوستانی عێراقە) بۆ مێژوو تۆمار بکەم. ئەوە ئیمەیلەکەم لەسەرەوە دانراوە، کێ گلەییەکی لە ناوەرۆک و شێوەی بابەتەکەم هەیە، یان خۆی بە پشتگوێخراو ئەزانێت بە ئەرکنەبێت بۆم بنووسێت با بێ گلەیی بیدەمە بەری، هەرچەندە لە توێی بەشەکانی تریشدا ناوی تریش دێنە پێشەوە.

شایانی باسە بۆ ئەم نووسینە لەلایەن دۆستی ئازیزم کاک حەمە فەریق حەسەنەوە هاندرام و خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئەم بابەتە، دیسانەوە دەست لە دەست و هێز لە ئاهورامەزدای دلوڤان.

## بەشی دووەم

لە بەشی یەکەمدا ئەوەم بە خوێنەر راگەیاند، ئەو بەرێزەی دۆستم هانیدام بۆ نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانە، ئێستا بە بیرم کەوتەوە ئەو تەنها کەس نەبوو بۆ هاندانم، شانبەشانی ئەویش، هونەرمەندانی خۆشەویست کاک خالید رەشید و کاک محەمەد ساڵەیی هەمان رۆڵیان بینیوە،جا لێرەدا داوی لێبووردنیان لێئەکەم، هەروەها حەزئەکەم ئەوەش بڵێم بە خۆشنوودییەوە ئامادەی وەڵامدانەوەی هەرجۆرە پرسیارێکم دەربارەی ئەم بیرەوەریانە، هەرچەندە بە نیازم لە هەر دەرفەتێکدا پرۆمەوە وڵاتی کورد و رووبەڕوو بەرامبەر جەماوەری خۆشەویست کۆڕیک لەم بارەیەوە ببەستم، بۆ ئەو زاتانەشی بسەلمێنم کە دەربارەی ئەو ساڵەی ئێزگەی دەنگی کوردوستان نوتقیانداوە، تا چ سنوورێک راستییان پێکاوە و کێ بە قاچی قوراوییەوە لای سەرووی دیوەخانەکەی لێگرتووین؟

هەر لە رۆژانی یەکەمەوە کە دەستم بە کارەکەم لە دەنگی کوردوستان کرد، فرۆکەی بەعس ئارامی هەڵگرتبووین بە شەو و بە رۆژ بەسەر سەرمانەوەبوون هەر لەو رۆژانەدا یەکێک لەو بێژەرانەی وازیان هێنابوو، لە حاجی هۆمەران لە دۆڵیکدا لووتمان تەقی بە لووتی یەکتردا، پێی وتم کاکە گیان تۆ گەنجیت و خوێنت گەرمە ئەگەر نازانیت ئەمەی تۆ ئەیکەیت شێتییە شێتی وازبێنە و وەک من خۆت رزگارکە، منیش هەر ئەوەندە حسابم بۆ ئامۆژگارییەکەیکرد کە هەندێک دڵسۆزییم تیا ئەبینی و ئەشم زانی راستئەکات، بەڵام ئەو نەیئەزانی من پێش ئەوەی بریاری کارکردنبدەم مردنم بۆ خۆم هەڵبژاردبوو.

لەو ڕۆژانەدا هێشتا هەر من و حەسەن و کاکە ڕزگاری نووری شاوەیس، بێژەریمان ئەکرد، ئەوانی تر ماوەیەکی پێچوو ئینجا هاتنە ئێزگە جگە لە بەرزان کە لەودیوبوو، ئەو زووزوو مۆڵەتی وەرئەگرت، خێزانەکەی لە شنۆ بوو. زۆر دڵم بە کاک ڕزگار خۆشبوو کەچی لاموایە دڵیان شکان و پاش ماوەیەکی کەم وازیهێنا. من ئەو چەند ڕۆژەی پێش هاتنم بۆ ئیزگە لە مزگەوتەکەی چۆمان ئەنووستم، دوای ئەوە چادرێکم وەرگرت، هاتمە ئەو دۆڵەی برادەرانی ئیزگەی لێبوو، دۆڵەکە کەوتبووە پشت دەربەندی ڕایات، کانییەکی لێبوو پێیان ئەووت کانی شێخ، بەڵام برادەرانی نووسەران و ئۆفیسی ئیزگە لە قەدپاڵی گردێکبوون، دوایی چوونە ئازادی چۆمان و پاشئەوەش چوونە ئەو دوو خانووەی کاتی خۆی میوانخانەی شۆڕشبوون لە نێوان چۆمان و ناوپردان، ئێمەش پاشئەوەی چەند مانگێک لەو دۆڵە ماینەوە، لە نزیک ئێزگە چەند خانوویەکیان بۆ دروستکردین، بەو سەرمایە هێشتا تەڕبوون گواستمانەوە ناوی، ئەو کاتەی لە دۆڵەکەبووین ئەحمەد ڕێبوار و مەهدی ئومێد لە ئیزگە وەرگیران و هاتنە چادرەکەی منەوە، دوای ئەوەش کاک نەژادی عەزیز سوورمێ کە کاری پەیامنێری ئەکرد بۆ ماوەیەک هاتەلامان. برادەرێکی تر ناوی دڵشاد مەسرەف بوو ئەم برادەرەش بە ناو بێژەربوو بەڵام لەبەر هەندێک کێشەی تایبەتی نەکارا بیباتە سەر، هەرچەندە لە ساڵانی پێشوودا بێژەرێکی سەرکەوتووبووە، لام وایە لە ساڵەکانی هەشتادا کۆچی دواییکرد.

هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە، شەوێکی ئەنگوستەچاو لە گەڵ کاک محەمەد بەدری و برادەرێکی تر بیرمنەماوە کێ بوو، لە ناو ئیزگەبووین، گوێمان لە دەنگی فرۆکەبوو، هەر ئەوەندەمان زانی دەنگی ناپاڵم هاڕەیکرد و ئەو ناوەی هەژان، زۆر ناخۆشبوو وامئەزانی شوێنەکە ڕووخا، پاڵەپەستۆ مێشک و هەناوی ئەگوشیم،بۆ سبیەینێ چووین بۆ سەیری، بینیمان یەک ڕیز ناپاڵمی هاوێشتووە، زۆر نزیکبوو لێمانەوە بەڵام کەسی نەکوشت، هەر چەند چاڵێکی قووڵی بەجێهێشتبوو. مەترسی ئەو ناپاڵمانە پاڵەپەستۆکەیبوو، زۆرجار خەڵک برینار نەدەبوو، کەچی پاڵەپەستۆ دەبووە هۆی بەربوونی خوێنی مێشک و هەناوی و ئەیکوشت.

ئەوە یەکەمجاربوو لە مێژووی شۆڕشی کورددا، خاوەنی ئێزگەی شەپۆلی ناوەڕاستبین جگە لەوەش ئیزگەیەکی زۆر بە هێزبوو، لێرەدا نابێت لە ڕۆڵی بەهەشتی نەمر کاک عەبدولخالقیش کەمکەینەوە، کە هەمیشە خەریکی ئەوەبوو پەرە بە هێزی ئیزگەکە بدات، لەبەر ئەوە ڕژێم بە هەموو توانایەوە لە منەی ئەوەدابوو ئەو ئیزگەیە لەناو بەرێت، هەمێشە فرۆکەمان بەسەرەوە بوو. چجای ئەوەی هەمە جۆر تەشویشی لەسەربوو، بەڵام دەنگی شۆڕش بە ڕەوانی ئەگەیشتە هەموو دنیا، بە تایبەتیش ماوەیەکی زۆر کاتەکانی دوای نیوەشەو ئەچووین پەخشی ڕاستەوخۆمان بۆ ئەوروپائەکرد، لەوکاتانەدا تەشویشەکە نەدەما و لە ئەوروپا بە ڕوونی وەریانئەگرت.

نووسەری ئەم بابەتە هەموو شەوێک لێکۆڵینەوەی سیاسی ئەخوێندەوە، تەنانەت لەو ماوەی ساڵەدا سێ جار مۆڵەتم وەرگرت، بەشی چەند شەوێکم تۆمار ئەکرد، لە دێڕەکانی داهاتوودا باس لە مۆڵەتێکیان ئەکەم کە دەهێنێت لێی بدوێم.

زۆر دڵم بە کارەکەکەم خۆشبوو، خوێنەری هێژا ئەوانەی ئەو کاتانەیان لە بیرە ئاگایان لەوەیە شێوەی شانۆییمان ئەدا بە خوێندنەوەی نووسینەکان، بۆ نموونە ڕستەی (دەک دەستان خۆشبێت پێشمەرگە تەیارە شکێنەکان) و زۆر ڕستەی لەم بابەتە تام و چێژ و ورەی ئەدا بە بەرخۆدان و شۆڕش و نەبەردی، داهێنان دوای داهێنانمان ئەهێنایە ئاراوە، بە تایبەتی کە ئەمانبیست بارزانی نەمر شەوانە گوێ لە دەنگی کوردوستان ئەگرێت، ڕۆژێکیان کاک دارا تۆفیق یادی بەخێر ئۆتۆمبیلەکەی بۆ ڕاگرتم تا لە چۆمانەوە بمگەیەنێتە سەر ڕێگای کە بە پێ بەرەو ئیزگە ئەچووین، لە ڕێگا فەرمووی کاک حەمەرەشی تۆزێک لەو هات و هاوارە کەمکەنەوە، بارزانی فەرموویەتی هەندێ جار یەکێ نەزانێت وا ئەزانێ چواردەورمان گیراوە بۆ بەو شێوەیە دەنگ بەرز ئەکەنەوە، سوپاس بۆ یەزدان هەمیشە لە سەرکەوتناین با ئیزگەکە هەمیشە باوەڕ بەخۆبوونی پێوە دیاربێت، هەروەها فەرمووی ئەو سروودەی شەماڵ سایب (ئەستێرەی

ئاسمان بارزانی) لێ مەدەن پێی خۆشنییە. لەو کاتەوە من شێوەی دەرپرینەکەم گۆری و تۆنی وتنەکانم هیواشکردەوە، ئیتر کەمتریش ماندوو ئەبووم و زیاتریش بە دڵی جەماوەر بوو. کاک دارا مرۆڤیکی زۆر سەلار و بێفیز و ناسکبوو، نووسەرێکی زۆر بە توانابوو، بیرمدێت بابەتێکی لەسەر دڕندەیی فرۆکەوانەکانی بەعس بە عەرەبی نووسی و بە کوردیش بڵاومانکردەوە، لەو باوەڕەدابووم هەر فرۆکەوانێک گوێی لەو نووسینە بوایە، وازی لە کارەکەی ئەهێنا و هەرگیز بێتاوانانی بۆردومان نەدەکرد، کاک دارا جگە لەو هەموو سەرقاڵییەی، هەمیشە خەریکی نووسینی بە هێزیشبوو، داخی گرانم ئەو کەسایەتییە ناسکە لە زیندانەکانی بەعسا کەس نەیزانی چۆن لە ناویانبرد.

لە هەموو کات و شوێنێکدا کەسایەتی چاک و خراپ و ئاژاوەگێر هەیە و ئەو کاتانە لە ئیزگەی دەنگی کوردوستان هەرچەندە، بە شێوەیەکی رێژەیی کەسانی ئاژاوەگێر کەمبوون، بەڵام هەبوو رۆڵی زۆر قێزەوونیان ئەگێرا، جا لەبەر ئەوەی زۆربەمان شۆرشگێر و تێگەیشتوو و دڵپاکبووین، نەیاندەتوانی پلانی ناشیرین و ئاژاوە بخەنە ناو زۆربەمانەوە، لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم، بەڵام بەشی کۆتایی ئەهێڵمەوە کە نازانم بەچەند بەش کۆتاییدێت، فزەیان لەدەمەوە بێت هەمووی بە بەڵگە و بە شایەتەوە بۆ خوێنەر یەکالا ئەکەمەوە، یەکێک لەوانە ئەو کاتەی چوومەوە هەولێر زۆر رێزی گرتم وا تێگەیشتم کە لەو خووە خراپانەی پاشگەزبۆتەوە، بەڵام کە لەسەر تەلەفزیۆن ناوی منی نەهێنابوو هێناومێتە سەر ئەوەی دیسان گومانی خراپی لێبکەمەوە، هیوادارم هەڵەبم، ئەگەر هەڵەم با بە زووترینکات وەڵامم بداتەوە، ئەگینا بەشی کۆتایی بۆ پۆخڵەواتی ئەو تەرخانئەکەم.

چونکە یەکێک لەوانە وەک من مامۆستابوو، لەبەردەم دەرگای پەروەردەی هەولێرا کاتێک خۆمان تەسلیم بە رژیم(نیسانی 1975) کردەوە پێی وتم کاک حەمەرەشی من بە هاندانی فلانکەس زۆرمان ئازاردراویت ئێستا داوای لێبووردنت لێئەکەم، منیش وتم کاتێک لێت ئەبوورم لەمەولا پیاوبیت و وەک جاران حەزتئەکرد پیاوی خەڵکبیت ئیتر واز لە کلکایەتی بهێنە، کەچی ئەوەندەی نەبرد بوو بە پیاوی بەعس و کرا بە رابەری پەروەردە، ئاخر یەکێک هیچی لە بارانەبێت و بە مافی خۆی نەگەیشتە مەبەست ئەیەوێت بە پاشقولگرتن بیباتە سەر. ئاخ لە مرۆڤی پاشقولگر.

## بەشی سێهەم

ئەو کاتە ئێمە لە ئێزگەکە کۆمەڵێکی زۆر رێک و پێک بووین، شەوانە لای یەکێکمان کۆئەبووینەوە و بە باسی خۆش و گاڵتەوگەپ و گۆررانی وتن و یاریکردن بەسەرمانئەبرد، ئەورەحمان ئیبراهیم فەرهاد بێژەری بەشی ئینگلیزیبوو کورێکی زۆر قسەخۆشبوو، هەرچەند پەست و خەفەتبار بووبنایە بە کاتێکی کەم کارێکی وایئەکرد هەموو ناخۆشیەکی لەبیرئەبردینەوە، ئێستا وابزانم لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەژی، کاکە دارا سەدیق بیژەری بەشی عەرەبیبوو، ئەم برا بەرێزە پێش هاتنە دەرەوەی ئەفسەری پۆلیسبوو، لە پێشمەرگایەتیش پێشئەوەی بێتە ئێزگە سەرۆکی بەتالیۆنێک ئەبێت لە ناوچەی بادینان، نووسەری ئەم بابەتە زۆر سەرسامبوو بە تواناى ئەم بەرێزەوە، دەنگێکی زۆر بە سۆزی هەبوو زۆرجار بەیەکەوە لە ئێزگە ئێشکمان ئەگرت( ئێشک بۆ ئەوەی ئەگەر کێشەی بابەتە تۆمارکراوەکان بهاتایەتە پێشەوە، ئەوا دەبوو لەو کاتەدا خێرا لە مایگرۆفۆنەوە بە راستەوخۆ بابەتەکانمان بخوێنایەتەوە، هەروەها ئەگەر بابەتە تۆمارکراوەکان تەواو ببوونایە و کاتیش تەواو نەبوایە، بە هەمان شێوە چەند بابەتێکمان بخوێندایەتەوە تا کاتەکە بەسەر ئەچوو) جا زۆر جار کاکە دارا راستەوخۆ بێنووسینەوە، هەر لەبەر خۆیەوە ورد ورد بابەتێکی ئەهۆنیەوە ئەگەر یەکێک نەیزانیایە وای ئەزانی ئەمە بە چەند رۆژێک و بە شەونخوونیەکی درێژ نووسراوەتەوە، جارێکیان راستەوخۆ لەگەڵ دەزگیرانەکەی ئەدوا کە لە بەغا ئەژیا، کاکە دارا باسی شۆرش و نەبەردی پێشمەرگەی بۆ ئەکرد،باسی رەوایەتی مەسەلەی کوردی بۆ ئەکرد، ئەوەنە بە لۆجیک و سۆزەوە ئەدوا خۆم پێنەگیرا دەستم کرد

بەگریان، کەچی ئەو دەستیکرد بە پێکەنین و، ئینجا بابەتەکەی بە شێوەیەکیتر گۆری بۆ ئەوەی پێکەنینەکەی نەشاز دەرنەچێت و لەگەڵ بابەتەکە بگونجێت، ساڵی 2000 لە هەولێربووم هات بۆ لام و دڵی گەشانمەوە. ئەم توانا گەورەیە ئێستا بافتی ئەوەیە کە گەورەترین دەزگای راگەیاندن بەرێوەبەرێت، بەڵام وەک ئەیناسم ئەو زۆر لە سنگهەڵکێشانەوە دوورە، هەتا رۆژی تەنگانەبوو ئەوا کەس رێگرنەبوو، گۆرەپانەکە بۆ کوردی خاوێن و چاونەترس ئاوەڵابوو، ئێستاش وەرزی درۆینەیە، گوڵەگەنمە پرەکان سەریان لەبەر قورسی چەماندۆتەوە و، گوڵەگەنمە پووچەکانیش ملیان بڵندکردوتەوە و بە شنەبای ئازادی سەما ئەکەن.

خوێنەری خۆشەویست ئێستا شانازی بە خۆمانەوە ئەکەم، ئەڵێم ئەگەر ئەو کاتە شەڕی خۆکوژی هەبوایە زۆربەمان ئەو کارەی ئەکرد؟ وەڵامەکەی بەلای زۆربەمانەوە بە تایبەتیش بەلای نووسەری ئەم بابەتەوە بێگومان نەخێرە، ئەو کاتە پێشمەرگەمان هانئەدا بۆ لەناوبردنی دوژمنێکی سەرسەختی پشتاوپشتی ئەم نەتەوە ئازادیویستە، پێشمەرگە هێرشی نەئەکردە سەر هاوزمانەکەی خۆی، سەنگەری بەرامبەر دوژمنی رووت و کلکی دوژمنی رووتبوون پێشمەرگە لە نەبەردەکانا دەستیان نەئەپاراست و ئێمەش دەممان نەئەپاراست، بەکورتی عرووبە نرابوون بە نیشانەوە، بەرامبەر هیچ پاساوێکی نەبوو بۆ دەستپاراستن لێیان، پێشمەرگەش هیچ بیانوویەکی نەبوو کە بە ڕەچەڵەکیانا نەچینە خوارەوە، چەند بێخەم و ورەبەرزبووین وەک سەرتەختی شەترەنج رەش و سپی بەرامبەر.

کاکە خەڵەف زێباری، ئەم کەسایەتییە دڵسۆزە لە بەشی کرمانجی نووسەریش و بێژەریش بوو خاوەنی قورگێکی گڕاوی، رەوانبێژ، کاتێ هەواڵەکانی نەبەردیی ئەخوێندەوە گوێگری ئەبردە ناو نەبەردەکەوە،تۆنی دەنگی تۆپە قورسەکان بوو هاڕەی دۆشکە و ئار بی جی بوو، نرکە و نەعرەتەی نەبەردەکانی لای بیسەر بەرجەستەئەکرد، ئەم هاورێ خۆشەویستە وەک لە بەشی یەکەمدا وتمان ئێستا باشترین بێژەری بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکایە.

کاک تالب غولام ئەم هێژایەش پێشئەوەی بێمە ئیزگە بەیەکەوە لە هاودیان مامۆستابووین، کەسایەتییەکی زۆر لێهاتووبوو، ئەمیش هەر لە بەشی عەرەبیبوو، دوای ئەوەی من چوومە ئیزگە پاش ماوەیەک ئەمیش هات، مامۆستایەکی دڵسۆز و ناسکبوو، بێژەرێکی چاو نەترس و جەرگ قایمیشبوو، خاوەنی شێوەیەکی تایبەت بە خۆیبوو لە خوێندنەوەدا.

کاک محەمەد بەدری، ئەم هێژایەش بێژەری بەشی عەرەبی بوو، کەسایەتییەکی زۆر لەسەرخۆو دڵسۆزبوو،پێشئەوەی ببمە پێشمەرگە لە کۆتایی مانگی دووی 1974 ئەو کاتەی دوا رۆژی یەکەم ڤێستیڤاڵی هونەری کوردی بوو، ئەم لە جیاتی بەهەشتی رەوانشاد ساڵح یوسفی وتەی لقی پێنجی بەغدای لە هۆڵی سینەما و شانۆ خوێندەوە، هەموو لەوە گەیشتین شەڕ ئەبێتەوە و رژێم لە پەیمانەکانی پەشیمانبۆتەوە، هەر ئەو کاتەش من بڕیاری بوون بە پێشمەرگەییمدا.

ئەم بەرێزانە بەلای نووسەری ئەم دێرانەوە ئەستێرە پرشنگدارەکانی ئیزگەی دەنگی کوردوستانی ساڵی 1975/1974 بوون، بەداوای لێبوردنەوە لەو هاورێیانەی بیرەوەریم یارمەتی نەداوم لە سەریان بڕۆم.

لەبەر ئەوەی ئیزگەکە هەمیشە لە مەترسی ئەوەدابوو بە بۆمبای فرۆکە تەفروتونا بێت، ئێزگەیەکی یەدەک لە گوندی خەلان دانرابوو بۆ ئەوەی ئەگەر ئیزگەکە نەما ئەوەی خەلان بکرێتەوە و دەستبکاتەوە بە پەخش، برای بەرێز سەلام مەنمی لەوێ دانرابوو، زوو زوو پێم ئەوت کاکە سەلام هەر لەخۆمەوە رقم لێتە، چونکە ئێوە بۆ ئەوە دانراون کە من کوژرام ئینجا ئێوە لەوێ بڵێن ئێرە دەنگی کوردوستانی عیراقە، کاکە سەلام لە سەرەتادا جار جاریش لە بەشی عەرەبی بێژەریئەکرد، جگە لە نووسین.

## بەشی چوارەم

پێشەکییەک بۆ ئەم بەشە

هێژایان ئەمە چوارەم بەشە کە دێتە نووسین، کەچی ئەو بەڕێزانەی کەوا بە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویستەوە لەسەر (تی ڤی) یەکانی کوردوستان لەسەر ئەم بابەتە نوتقیانداوە و، وەک بیستوومە چیان فەرمووە، دە ئەم نووسینە لەتەک هەرە زۆربەی بۆچوونەکانی ئەواندا کۆکنیە و، بە تایبەتیش لە پشتگوێخستنی مافی مێژوویی ئەو هێژایانەی لە بەشەکانی پێشوودا بەسەرمانکروونەتەوە و لەمەودواش بە سەریان ئەکەینەوە، جا مافی خۆمان نیە پێیان بڵێین بەڕێزینە ئێوەی هێژا بە دەستپاکییەوە بۆ بابەتەکە نەچوون، مافی کاراکتەرە سەرەکییەکانتان خواردووە و، ئێوەی ئەوسای دوای دواوە و ئێستای پێشی پێشەوە درێغییتان لێکردووین؟ ئەی کاتی ئەوە نیە کە ئیتر گومان لە راستی هەموو چاوپێکەوتنێکیان بکەین و باوەڕی جەماوەر بدۆڕێنن و، لەمەولا ئەگەر لە دیمانەکانی تریشدا ئەم بەرێزانەمان دی یەکسەر کەناڵەکە بگۆڕین و بڵێین، بینەر ئێستا ئارەزووی لە بینین و بیستنی راستیشنەماوە چجای چەواشەکردن و ناڕاستی؟ ئەی ئەگەر راستم نەووتووە بۆچی بەرپەرچم نادەنەوە، وەک من زۆر بە راشکاوانە و بێ سڵکردنەوە دەیدەمە بەری، دەبا ئەوانیش بەرگری لەخۆیان و نوتقەکانیانبکەن، ئەی بە باوەڕەوە ئەو بۆچوونانەیان لە زار نەهاتۆتەدەرێ؟ ئەی قایلنەبوون بەوەی پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە و بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ جەماوەر لە کاتی تەلەفیزیۆنیان خەسارکردووە؟

ماوەتەوە ئەوەی بڵێم جار جار لە دواکەوتنی دابەزاندنی بەشی نوێ ببورن چونکە ئەم بیرەوەریانە هەمووی لە ستۆکهۆڵمی سویدەوە دێنە نووسین و بە سەردان بۆ ئەوروپا کانادام جێهێشتووە، لەبەر ئەوە سەرقاڵی بەسەرکردنەوەی هەڤاڵانم و، دەرفەتی نووسینم کەمبۆتەوە. هەروەها حەزئەکەم ئەوەش بڵێم ئەم بیرەوەریانە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی نیە ئەشێت پاش و پێش خرابێت گرنگ بەلای منەوە راستگۆیی بیرەوەرییەکانە، ئێستا فەرموون بۆ بەشی چوارەم.

جگە لەو ئیزگە یەدەکەی لە بەشی سێیەمدا لێی دوام، دوو ئێزگەی تریش دژی تەشویش لە ناوچەی مەحموود قەجەر و ناوچەی ماوەت کرانەوە، هەر یەکەی چەند بێژەرێک و ئەندازیارێکی میکانیکی بۆ رەوانەکرا، بۆ ئێزگەی مەحموود قەجەر کاک عەبدولوەهاب تاڵەبانی و لام وایە نەوزاد کامیل بۆ بێژەریی لە بەشی عەرەبی و کوردی، ئەندازیارەکەم بیر نیە کێبوو، بۆ ئیزگەی ماوەتیش ئەحمەد رێبوار و تالیب بەرزنجی بۆ بەشی کوردی و عەرەبی و لەگەڵ ئەندازیارێک لام وایە ناوی کاک ناسیح بوو، نیاز وابوو لە ناوچەی بادینانیش ئێزگەیەکی تر دابمەزرێت ئیتر پلانی پاشقولە نێودەوڵەتییە شوومەکەی بەسەرداهات.

خوێنەری بەرێز، شەوێکیان من و مەهدی ئومێد بەیەکەوە هەواڵەکانی نەبەردی پێشمەرگەمان ئەخوێندەوە و، برا خوالێخۆشبووەکەی کاک ئەحمەد دەشتی لەسەر کۆنترۆڵبوو، نێوان ئێمە و کۆنترۆڵ شووشەیەکی گەورەی دوو توێبوو، لە کاتی خوێندنەوەی راستەوخۆدا مارێکی ژەهراوی درێژ لە نێوان قاچمانەوە خۆیکرد بە ژێر کاوانتەرەکەدا و هاتە ناو شووشە دوو توێکەوە و زمانە دوو فاقییەکەی دەردەهێنا و فیشکە فیشکیئەکرد، ئێمەش نەمانئەزانی مارەکە بکوژین یان لەسەر خوێندنەوە برۆین، بێگومان خوێندنەوەکەمان هەر نەقرتان و ئەو هەڤاڵەی کۆنترۆڵیش بە پلایسێکەوە هەوڵی گرتن و کوشتنی مارەکەیئەدا، من لەوە ئەترسام بێتەوە ژێر قاچمان و پەخشەکەمان بۆ نەکرێت، خۆ هەر ئەو خەمە نا، پێکەنینمانئەهات نەمانئەتوانی بە ئاسانی پێکەنین راگرین، ئێ ئەو کاتە هەموو نەتەوەی کورد بە دیار هەواڵەوە دادەنیشتن پێکەنین زۆر نەنگبوو، ئیتر بە هەر حاڵێکبوو بە پلایسەکە سەری مارەکەی گرت و رزگارمانبوو. نازانم بۆ لە کاتی ئاوا تەنگانەدا ئەم پێکەنینە هێرشدەهێنی، زۆر جاری تریش بە تایبەتی من و کاک مەهدی لەبەر پێکەنین بابەتمان پێ تۆمارنەکراوە و ماوەیەکی زۆرمان بە فیرۆ ئەدا.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو، رەسووڵ گەردی یادی بەخێر، لە کۆتایی دەربەندی رایات بەرەو چۆمان بە شۆڤڵ قەدپاڵی گردێکی هەڵدڕیبوو چادرێکی رێک و پێکی دابوو بەسەردا کە دەچوویتە لای، هەر حەزتدەکرد شوێنەکەی جێنەهێڵی ئەوەندە شیک و پاک و خاوێنبوو، جگە لەوەش هەر جار کە دەماندی هەتا بڵێی پاک و پۆشتە و دەم و چاوی دەبریسکانەوە و، داری کڵاشینکۆفەکەی لە دارگوێز بە دروستکردندابوو لە گەڵ پشتێنێکی رێکوپێک و فیشەکدانێکی جوان و خەنجەر و دەمانچەدا دەهات و دەچوو، زۆر بەتەنگ جل و بەرگییەوەبوو، زۆر رێزم لێئەگرت و بیرم لە توانا و بە دەربەستیی ئەم هونەرمەندە مەزنە ئەکردەوە، ئێمە بەو گەنجی و لەشساغییەی خۆمانەوە نەماندەتوانی چارەکێکی ئەو بە تەنگ خۆمانەوە بێین گۆری پڕ تیشکبێت، رۆژێکیان بەرێز دکتۆر کەمال مەزهەر کە سەرۆکی هەموو ئێزگەبوو بە تەلەفۆن پێی راگەیاندم کە وتوو وێژێکی ئێزگەیی لەگەڵبکەم، منیش وتم بەسەر چاو کاک رەسووڵ رووی لە خۆشمناوە، بەلام بەڕێزتان ئاگادارن لەبەر زۆری هەواڵی جەنگ کات بۆ سروود و بابەتە پێویستەکانیش ئەوەندە نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە با چاوەڕوانبکات تا ئەم هەواڵی جەنگ و بابەتە گرنگانە کەمئەبێتەوە، دوای ئەوە بەسەرچاو، بەڕێزی وتی ئەزانم بەڵام چارنیە گلەییەکات کەوا پشتگوێخراوە و بایەخی پێنادرێت، جا هەرچۆنێکبێت پێنج دەقیقەی بۆ بهێڵنەوە بەشی وەڵامی دوو پرسیار و حەیرانێکی کورت. منیش وتم بەسەرچاو. کاک رەسووڵ هات و بردم بۆ ژووری تۆمارکردن و بە بەڕزیم وت کاک رەسووڵ کاتمان زۆر کەمە لەبەر ئەوە تکائەکەم تا دەتوانیت بە کورتی وەڵام بدەرەوە، فەرمووی بەسەرچاو. یەکەم پرسیارم لێکرد وەڵامەکەی پتر لە دە دەقیقەی برد، منیش لەبەر ئەوەی ئەو کاتە وەک گەنجێک کەمتر لە سەلارییەوە نزیکبووم، جگە لەوەش زوو زوو کەڵلەیی و پەستئەبووم، لە دڵی خۆما وتم خۆ تازە ئەم وتو وێژە دەدرێتە دواوە، چونکە وەڵامی پرسیارەکەی تر و حەیرانەکەی نیو سەعات ئەکوژێت، لەبەر ئەوە فت، بۆ پرسیارەکەی تر وتم کاک رەسووڵ حەزتائەکرد دەنگتان خۆشبوایە؟ کاک رەسووڵ کەمێک بیرپکردەوە وایزانی پرسیارێکی ئاساییە، کە سەیری دەموچاویکردم زەردەخەنە گرتبوومی، هەڵسا بۆم و من رامکرد، جنێوی زۆریدا گەردنی ئازادبێت،ساڵی 1982 کاتێک چیرۆکی شانۆیی(تەنەکە) مان برد بۆ هەولێر بەیانییەک لە قەیسەرییەک لەگەڵ ئەحمەد سالار و تەها خەلیل و عەبدوولی حەمە جوان نانمان ئەخوارد کاک رەسووڵ هاتە لامان و وتی کاکە حەمەرەشید خۆزگەم بەو رۆژەی کە فەرمووت حەزتائەکرد دەنگتان خۆشبووایە، وتم نا ئێوە هونەرمەندی خۆشەویستن، لێم ببوورە ئەوکاتە جیاوازبوو، وا بزانم پارەی نانخواردنەکەشیدا، یادی بەخێر.

## بەشی پێنجەم

دەربەندی رایات چایخانەیەکی لێبوو، لەمبەر و ئەوبەری رووبارەکە چەند کورسییەکی لێدانرابوو، جار جار ئەچوومە ئەوێ خۆم خەریکئەکرد بە نووسینەوە، بۆ بڵاوکردنەوە. رۆژێکیان پێشمەرگەیەکی منالکار هاتەلام و سڵاویکرد، وتی لەوبەرەوە ئێوەم دی حەزمکرد بێمە لاتان، من ناوم بابەتایەرە کوری شێخ غەریبم، لام وایە ناوی باوکمت بیستووە، ئەویش هەر پێشمەرگەبوو، منیش وتم بەخێر بێیت سەر چاو، دەستیکرد بەگفتوگۆ، منیش گوێم بۆ راگرت، بەڵام زۆرتر بیرم بەلای تفەنگەکەیەوە بوو، زۆر شڕ و بێکەڵک دیاربوو، وتم تۆ لێرە چیئەکەیت؟ وتی من لە هێزی خەباتم لەگەڵ بەتالیۆنەکەمان هاتووین هێرشبەرینە سەر سەربازگەی گۆرەز. وتم تۆ بەو تفەنگەوە ئەچیت بۆ شەڕ؟ وتی بەڵێ. ئیتر دەستیکرد بە گلەیی لە تفەنگەکەی. منیش یەکسەر هات بە بیرما کە پێی بڵێم ئەتەوێت کڵاشیکۆفەکەی من لەگەڵ خۆت ببەیت و تفەنگەکەی خۆت لای منبێت تا ئەگەڕێنەوە؟ وتی نا لەوانەیە بکوژرێم و کڵاشینکۆفەکەت تیابچێت. هەرکە وای وت ئیتر من وشکبووم، وتم هەزار تفەنگ بە قوربانی تۆبێت برا گیان، هەر ئێستا ئەبێت لێم وەرگریت، بە زۆر دامە دەستی و تفەنگەکەی ئەوم وەرگرت. لە خۆشیدا نەیئەزانی بڵێت چی. پاش کەمێک ماڵئاواییم لێکرد و رۆشتە ئەوبەرەوە لەگەڵ هەڤاڵەکانی سواری ئۆتۆمۆبیلبوون بەرەو گۆرەز لە خۆشیدا هەر سەیری کڵاشیکۆفەکەی دەستی ئەکرد.

بۆ سبەینێ هەواڵمان بۆ هات کە گۆڕەز گیراوە و دوژمنیان تێدا تەفروتونا کردووە، بەڵام پتر لە بیست پێشمەرگە بەرەو بەهەشت چوون، منیش لەتاو بابەتایەر ئارامم نەمابوو چونکە گەنجێکی زۆر هێمن و خوێنگەرمبوو. دوای دووسێ ڕۆژ کاک ئەورەحمانی بەشی ئینگلیزی وتی پێشمەرگەیەک بە شوێن تۆدا ئەگەڕێت، کە چووم بابەتایەربوو، کڵاشینکۆفەکەی خۆم و میزڵییەکی بەدیاری بۆ هێنابووم وتی سی کڵاشینکۆفم دەستکەوتووە، ئەمەشم بەدیاری بۆ هێناوی. وتم پیرۆزی خۆتبێت گرنگ ئەوەیە تۆم بە سەلامەتی بینییەوە، خۆ بە تفەنگەکەی من عرووبەت کوشتوە؟ وتی ئیتر خوا لە خێری دەرنەکات. وتم دە ئەوە دیاری منە. ئیتر تفەنگەکەی خۆیم دایەوە و بە پێکەنینەوە لێیوەرگتمەوە و باوەشی پیاکردم و بە سوپاسەوە ئەملاولای ماچکردم و ڕۆشت. ئەم کورە چاکە ساڵی نەوەدەکان بیستم شەهیدبووە.

ئەو کاتە کە لە ئیزگە کارمەدکرد پارتی نەبووم، ئەو کاتانەی پێشتریش کە لە قوتابیانی کوردوستانا چالاکیم ئەکرد، هەر باوەڕی تەواوم بە ئازادی بێکەم و کووری و سەربەستی سەرانسەری کوردوستانبوو، چەند جارێک لە ئیزگەکە وتم(ئێرە دەنگی کوردوستانە)، هەر بە مەبەست عیراقەکەم نەدەووت، دوایی بانگیانکردم و وتیان ئیتر نابێت عیراقەکەت لەبیربچێت. لە ناوەڕاستی ساڵی 1974 لە ڕێی هاوبیری هێژا جیهان عومەرەوە، پەیوەندیمکرد بە (کاژیک)ەوە، پاش چەند ڕۆژێک وەک ئەندام لەو ڕێکخراوە نەتەوەییەدا وەرگیرام و زۆر دڵخۆشبووم بەم ئابرووەمەندییە گەورەیە، هەستمکرد مرۆڤێکیترم و جێگای شیاوی بیروباوەڕی خۆمم دۆزیوەتەوە، هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە بە هەرچی پلان و گەف و فڕوفێل هەبوو لەناوبرا، بەڵام من ئێستاش بە شانازییەوە هەر خۆم بە کاژیک ئەزانم و باوەڕی نەگۆڕم هەر کاژیک بووە، پێشئەوەی تیایدا ئەندامبم و کە ئەندامیشبووم و تا ئێستاش و بێگومان تا دەشمرم، بە تاکە بیروباوەڕیشی ئەزانم کە دەستەبەری سەربەخۆیی و سەرفرازی کورد و کوردوستانە، پاشەڕۆژیش سەنگی محەکە و ئێستاش هەر هەنگاوێکی پیرۆز لە کوردوستانا ئەنرێت و سەروەری دەستەبەر ئەکات ئەو هەنگاوانەیە بیر و باوەڕی نەتەوەیی هاندەرێتی، بۆیە بارزانی مەزنیش کاتی خۆی پشتگیری تەواوی لەم بیرە ئەکرد و کەسانی نەتەوەیی لە شۆڕشی ئەیلوولدا چالاکانە برەویان بە بیری نەتەوەییئەدا.

ئەو نووسینانەی لە ئیزگە بڵاوئەکرایەوە، دەبوایەخوالێخۆشبوو مام هەژاری موکریانی لە بارەی زمان و شییانی بۆ بڵاوکردنەوە بیبینیایە، خۆ ئەگەر رستەیەکی بۆ زیادبکردایە یان نووسینەکە هی خۆی بوایە ئەوا زۆر بە زەحمەت ئەخوێندرایەوە، دەستخەتی زۆر ناخۆشبوو، بە تایبەتی لە خوێندنەوەی راستەوخۆدا زۆرکەس نەی ئەوێرا خۆی بدات لە قەرەی نووسینەکانی، بیرمدێت خالێخۆشبوو کاک حەمەرەزای کەمانچەژەن، کرا بە بێژەری بەشی کوردی لای ئێمە و هەر هەمان شەو دەبوایە بە دیار بەرنامە تۆمارکراوەکەوە ئێشکگربێت. هەر کە پەخش دەستپێکرد و قورئانەکە کۆتاییهات، ئینجا هەواڵەکان بە تۆمار دابەزی، و تومەس کاکی تۆمارکەر لەبەر سەرقاڵی بیری نەبووە شریتی قورئانەکەی لەسەر لاببات، هەواڵەکان و قورئان بەیەکەوە پەخشئەبوون، ئیتر کۆنترۆڵ پەخشی تۆمارکراو ئەوەستێنێت و بە کاک حەمەرەزا ئەڵێت بە ڕاستەوخۆ هەواڵەکان بخوێنێتەوە، هەواڵەکانیش بە دەستخەتی مام هەژار نووسرابوونەوە، کاک حەمەرەزا نەیتوانیبوو بیخوێنێتەوە، کۆنترۆڵیش ناچار مارشێکی خستبووە سەر چونکە هەموو شریتەکە قورئانی تێکەڵبووبوو، من هەر ئەوەندەم پێکرا لە بارەگاکەی خۆمانەوە بە راکردن سەر چیاکەبکەوم و ئەشم زانی بەلای کەمەوە چارەکێک دوورە، هەندێکی تریش بە ئۆتۆمبێل هاتبوون، بەڵام ئەوان لەبەر لۆفە درەنگتر گەیشتن، کاتێک گەیشتین و دەستمانکرد بە پەخشی راسەوخۆ، ئەوەندەمانزانی دکتۆر کەمال مەزهەر و کاکە فەلەکەدین کاکەیی و کاک مستەفا ساڵح کەریم بە ئۆتۆمبێل گەیشتن، هەر لەوێدا کاک حەمەرەزا وازی لە بێژەری هێنا، هەرچەندە تاوانی ئەویشنەبوو، ئیییییییتر.

کاک فازیل نەقشبەندی یەکێکبوو لە ئەندازیارە کارامەکانی ئیزگە، کاک محەمەد ساحیب نەقشبەندیش ئامۆزای ئەم بەرێزەبوو، ئەم عەرەبیزانێکی باشبوو وتاری زۆر بەهێزی ئەنووسی، پاشتر هاتە ئێزگە، هەردووکیان نموونەی دڵسۆزیی و کوردپەروەرییبوون، کاکە فازیل بەو هەموو ماندووبوونی ئیزگەیەی تاسەی کوردایەتی تێرنەئەبوو، داوایکرد بچێت بۆ بەرەکانی جەنگ و

ئیمەی بەجێهێشت پاشماوەیەک بیستمان لەوێ برینداربووە، یەکسەر رامکرد بۆلای کاک محەمەدی ئامۆزای بۆ هەواڵی، خۆشبەختانە وتی سوپاس بۆ یەزدان ماوە و تەنها ساچمە تۆپێک رانی بریندارکردووە و مەترسی نیە. کاکە فازیل جارێکی تریش لە کارەساتێکی کوشندە ئێزدانی مەزن پاراستی. ئیتر ئەوەبوو پاش چاکبوونەوەی هاتەوە لامان، ئێستا بیرمکەوتەوە، ئەو کاک ئەکرەمەشی لە گەڵدا بوو کە لە بەشی یەکەمدا باسمکرد ناوی ئەکرەم مستەفایە، ئەمیش لەگەڵ کاکە فازیڵ چاوەترسانە لەنەبەردابوون بە مووشەکەوە دژی فرۆکەی دوژمن. کاکە فازیڵ نەقشبەندی ئێستا لە لەندەن ئەژی. خۆزگە دەرفەتم ئەبوو بە دیداری شادبووومایەتەوە، بە تەمای ئێزدان.

## بەشی شەشەم

ئەو ساڵە لە پارەگاکانی ئێزگە هەرچەندە کۆڕی برادەران و دانیشتنەکانی دوای کارەکانمان زۆر خۆشبوون، بەڵام بەندە زۆربەی کات بە پێ بەرەو ناوپردان ئەبوومەوە بۆ ماڵی بەڕێز باباتاهیری شێخ جەلال و شێخ نەوزادی برای، ئێستا شیخ باباتاهیر لە سلێمانی دائەنیشێت و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیە، زۆر دڵم بەم بەرێزە خۆشبوو مرۆڤێکی بە ئاوەز و دووربین بوو، ئەو کاتە زۆر شتی بۆ باسئەکردم ئێستا وردە وردە هەمووی دێتە دی، جگە لەوەی خۆی بە کەسی من ئەزانی رێزێکی تایبەتیشی بۆ دائەنام، ئەم بەرێزە لە رووی دڵسۆزییەوە بۆ کورد و کوردوستان زۆر تێبینی بە کەڵک و ئامۆژگاری سووتبەخشیئەکردم، منیش هەمیشە وشەکانیم بەهەند وەرئەگرت و زۆر لە رەوشتەکانی شیخ مەحموودی نەمری تێدا بەدیئەکرا، جا ماڵەکەی ئەم بەرێزە دەبوو بە دیوەخانی پیاو چاکان و کورە ئازاکانی شۆرشی ئەیلوولی پیرۆز و شەوانە دەبوونە میوانمان، منیش وەک ئەکتەر و وەک نووسەر و وەک بێژەر، خوولەکێکم بە قەرزنەئەدا و مێشک و هەست و نەستی خۆمم پێ زاخاو ئەدا و گەورەییەکانیانم لای خۆم تۆمارئەکرد، حەزئەکەم لێرەدا کەمێک لە بابەتەکە لابدەم بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ئازیزی بسەلمێنم و بیریانبخەمەوە کە چەند ئەستێرەی پرشنگداری ئەم نەتەوەیەم لە دەور و پشتبووە و تا ماوم بەگەورەییان سەرسامم و شانازم کە وشە جوانەکانیانم ئەکردە وتار و هۆنراوە و پەخشان و لە ( ئێرە دەنگی کوردوستانی عیراقە)  پەخشمئەکرد.

خوالێخۆشبوو نووری مەلا مارف ئەو کاتە فەرماندەی هێزی بەرگری میللی هەموو شۆرشبوو، رەوانشاد کاکە تایەری عەلی والی بەگ سەرکردەی زۆر نەبەرد و سەروەری، رەوانشاد نووری حەمە عەلی فەرماندەی یەکێک لە بەتالیۆنە چالاکەکانی هێزی خەبات و پێشرەوی داستانی ئازادکردنی سەربازگەی گۆرەز، رەوانشاد کاکە شەهابی شێخ نووری شێخ ساڵح، خوالێخۆشبوو کاکە نیهادی برای، رەوانشاد کاکە دارۆی برای، رەوانشاد فەتاح ئاغا، رەوانشاد ئارامی مەلا جەلال(شەهید ئارام) رەوانشاد محەممەدی حاجی ئەحمەد (ملازم محەمەد) ئەم نەمرە هاو پۆلی من و کاکە سالاری مستەفای مەلا حەکیم بوو کاکە سالار ئێستا لە دهۆک دائەنیشێت، کاکە حەمە چەند جارێک هاتە لامان چونکە خانووەکەی کاکە سالار و کاکە نیهاد بە تەنیشت خانووەکەی شێخ بابا تاهیرەوەبوو، کاکە حەمە فەرماندەی بەتالیۆنی شەهید دڵشادی ئەحمەد شەوقیبوو،لە بەهێزترین وتارەکانم شینی ئەم هاوبیرە نەتەوەییەمبوو کە بەوماوە کورتەی پێش بەهەشتیبوونی دەیەها داستانی لە جەرگەی شاری سلێمانی تۆمارکرد تا ئەم مابوو بەعس سلێمانی بە ژێر کۆنترۆڵی خۆی نە ئەزانی ئەم برادەرەم کە مامۆستا و هاوبیرمبوو، بە گوللە تۆپێکی وێڵ لە بناری زۆزگ بەرەو بەهەشت کەوتە رێ ، کە دەبوایە بۆ سبەینێ حەمە ئاسا هەڵمەتبەرێتە سەر زنجیرە بنکەیەکی بەعس. توخوا با ئەم رووداوەشم بیر نەچێت، جارێک فەرماندەیەک بە کاک فەتاح ئاغا ئەڵێت، فەرماندە و پێشمەرگەکانت لە هێزی خەبات هەمووی کاژیکن، ئەویش وەڵامی ئەداتەوە و ئەفەرموێت ئەگەر پێتان ناخۆشە ئەوا ملازم محەممەد زیندووئەکەمەوە و پێی ئەڵێم بۆ کورد و کوردوستان خۆت بە کوشتمەدە، چونکە پێمان رازی نابن!!!

بێمەوە بۆ بەسرکردنەوەی گەورەپیاوانی میوانمان.... خوالێخۆشبوو ئەحمەدی شاسوار خەمخۆر و دڵسۆزی نەتەوەی کورد خەمی هەموومانی بە کۆڵەوەبوو، خوالێخۆشبوو عوسمانی عەبە لادێیی، بەهەشتی کاکە عوسمانی سەعی والی بەگ و بەهەشتی ئەنوەری برای، بەهەشتی بێستوونی مەلا عومەر ، بەهەشتی ئەحەی عەزەی مالە و زۆر گەورە پیاوی تری ئەم کوردە خێر نەدیوە. خوێنەری بەڕێز سەرنجبدە ئەم بەرێزانە هەر هەموومان لە یەک تاکە سەنگەری کوردایەتیدا لە خەباتا بووین، توخوا مخابن نیە دژە سەنگەر لە یەکتری بگرین و وزە و توانای نەتەوەکەمان بە هەدەربەین، دە با یەکڕیزی ئەو شۆڕشە پیرۆزە ببێتە پەند و وانە بۆ نەوەکانی داهاتوومان و، تۆوی دووبەرەکی و خۆخۆیی لە کێڵگەی سەرفرازی نەتەوەکەمانا نەوەشێنین و هەمیشە بژاری گیاکەڵەی هاوردەی بێگانە بکەین. تاقیکردنەوەی نەتەوەکەمان سەنگی محەکی سەرخۆبوونە نەک تیووری ژەهراوی لە گشت گۆڕەپانا دۆڕاو.   جار جار یەکێک لە برادەرە بێژەرەکانمم ئەهێنا بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە، بە تایبەتی ئەورەحمانی بێژەری ئینگلیزی. پێشئەوەی شێخ باباتاهیر بێتە ناوپردان خانوویەکی لە دەربەنی رایات بەکرێ گرتبوو، رۆژێکی هاوینی ئەو ساڵە لە ئێزگەوە ئەهاتم بۆ ماڵی شێخ باباتایەر، لە ڕێگا چاومکەوت بە تابووتێک لەبەردەم چاخانەکەی مستەفا سلێمانی بە بێکەسی دانرابوو، چەند قاڵب سەهۆڵێکیشی لەسەر دانرابوو، لەسەر تابووتەکەش نووسرابوو (رشید عبدالله) بە لایدا تێپەڕیم و سەرنجمی رانەکێشا، دەپانزە هەنگاویش رۆشتم ئینجا پەیوەندی تەرمەکەم بە خاوەن ماڵ و چاخانەکەوە بەستەوە، کە ئەم تەرمە کەسێکی(مستەفا سلێمانی) یە،.... ئای ئای رەشۆلی هونەرمەند نەبێت؟!! بۆ نا ئەی برای مستەفا سلێمانی نیە؟ ئەی نەیانووت لە نەخۆشخانەکانی ئیران کەوتووە و شێرپەنجەیەتی؟ ئەمانەم هەموو لە دڵی خۆما تاوتوێئەکرد و گەڕامەوە سەری، لە ماڵەکەی تەنیشت چاخانەکەمدا کە ماڵی کاک مستەفابوو، هاوسەرەکەی لێیکردمەوە، وتم ئاگاتان لەو تابووتەی بەردەم چاخانەکەتانە؟ وتی نەوەڵا بابەکەم تابووتی چی؟! وتم ناوی رەشید عەبدوڵایە، وتی ئەرێ وەڵا دەبێت کاک رەشیدی برای مستەفابێت، هەی قوڕێم بەسەری،  منیش خێرا چووم بۆ ماڵی شێخ بابا تاهیر ئەوکاتە لەگەڵ عەقید نووری مەلا مارف بەیەکەوەبوون ئیتر خەڵکمان کۆکردەوە و کاکە حەمە عەزیز و کۆمەڵێکی زۆر پەیدابوون و هەر لە پشت ئەو شوێنە گۆڕستانێکی لێبوو بە خاکمان سپارد،(مام رەسووڵ گەردی)ش لەوێبوو چاوەکانی فریسکی بەندنەئەکرد. ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشە کوردپەروەرە بێناز تەرمەکەی کەوتبوو بەو هاوینە گەرمە سەهۆڵی پیادا توابووەوە، هەردەتووت ئەمە ئەو رەشۆلە دەنگخۆشەش نیە، بە دەنگە خۆشەکەی هەستی هەستیار و بێهەستی ئەهێنایە خرۆش ئاااااااای ژیان چیت پیشانداوم؟ ئەو ساڵە کۆستی گەورە گەورە جەرگ و دڵی هەژاندم. یەکێک لە کارەساتە ناخۆشەکان بۆردومانەکەی لای پردەکەی گەڵالەبوو، لام وایە کاک نەژادی عەزیز سوورمێشم لەگەڵدابوو، من لە گەڵاڵەوە هاتمە خوارەوە هەر کە ئەوم دی و چاک و چۆنیم لەگەڵکرد دوو فرۆکەی سۆخۆی هاتن و هەموو جەماوەرەکە چوونە ژێر تاوێرە بەردێکی زۆر زەبەلاحەوە، هەرگیز بیرم ناچیتەوە بۆمباکانمان دی کە فڕێیدا، ئێمە بە پێچەوانەی زۆربەی خەڵکەکە ئەوبەرمان هەڵبژارد، بۆمبایەکیان رێک لەو شوێنەیدا کە جەماوەرەکەی لێبوو، بەجارێک نزیکەی سەد کەسی کوشت جگە لەو هەموو بریناره، ئەوناوەی کرد بە قەسابخانە، ئەو هەموو بێتاوانانەی هەلا هەلا کردبوو، بە توورەکەش کۆنەئەکرانەوە، مامۆستایەکی برادەرمم دی، ناوی ئەحمەد یاسینە خەڵکی ئاکرێبوو، پێیەکی قرتاوی لەناو گۆرەویەکدا بە دەستەوەبوو بێئەوەی بگری وتی لە هەموو براکەم ئەمەم دەستکەوتووە، ئیتر ئەوەندە کت و پڕبوو هەموو وەک شێتمان لێهاتبوو تەنانەت دوای رۆژێکیش، نەمئەزانی کێم و چیم بەسەرهاتووە، هەرچەندە بەو حاڵەشەوە بەشداریم لە کۆکردنەوەی لاشەی بەهەشتییەکانداکرد، ئەو ئەحمەد یاسینە دوایی هاتە ئیزگە لامان، سەرم سووڕمابوو لە بڵندی ورەی ئەو هێژا بەو جۆرە کۆستکەوتووە. ئیستا نازانم کاک ئەحمەد یاسین کەوتۆتە چ دەڤەرێک خۆزگە ئەمدۆزییەوە. نامەوێت زۆر بچمە قووڵایی ئەم کارەساتەوە چونکە تەنانەت خۆیشم وا ئێستا هەرچی تەلی سۆزم هەیە بەسەریەکا ئاڵۆزکاوە و دەستم بە کۆمپیوتەرەکەوە ئەلەرزێت، ئای عرووبە، چۆن چارەنووسمان کەوتە ناو کەڵچەری مێژووی خوێناویتان مەرجبێت تا پێمبکرێت، بە خۆتان و مێژووتانیبکەم، ئای کلکی عرووبە چۆن بوون بە رەگی گولیی و میقرۆبی ئەم نەتەوە خێرنەدیوە.

## بەشی حەوتەم

دوای سێچوار مانگ لە کارکردنی ئیزگەم، کاک مستەفا ساڵح کەریم پێی وتم بۆ داواناکەیت ببیت بە ئەندام لە یەکێتی نووسەرانی کورد، ئەو هەموو نووسینەت لە ئیزگە بڵاوکراوەتەوە، ئەندامی وا هەیە یەک بەرهەمی بڵاونەکردۆتەوە، مافی خۆتە داوابکەیت و لای کاک ساڵح یوسفی پشتگیریت ئەکەم، ئیتر منیش بەقسەمکرد و بووم بەئەندامی یەکێتی نووسەران و بیست و پێنج دیناریشم وەرگرت و گیرفانی گەرمکردمەوە، تامەکەشی لەچاو دەستکەوتی ترا جیاوازبوو، پێناسەکە واژووی خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی لە سەربوو ئەوکاتە تازە کاک حسەین عارفیش هاتبووە دەرەوە، یاریدەدەری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد کاک ساڵح یوسفی بوو.

هەر ئەو ساڵە لە هۆڵێکی ئازادی چۆمان فێستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە کرا و، بەندە ئەو شیعرەم خوێندەوە کە بە بۆنەی سەری ساڵی 1974 لە ئێزگە خوێندبوومەوە بە ناوی(سەری ساڵە). حەز ئەکەم لێرەدا دووسێ کۆپلەی پێشکەشبکەم.....

سەری ساڵە و بابانوئێل
بووکەشووشە و شیرینی برد
بۆ مناڵانی گشت جیهان
کە هات بۆلای مناڵانی ناو کوردوستان
سارغی و لۆکە و مەڵحەمی پێبوو
بۆ زامەکانیان
کەچی هێشتا غۆریللاکان
نەیانهێشت بێت
پێیان وت ئاشتییە لامان
شاییە لە ئۆردووگاکان
سەرچیاکان شاری یاری
مەدینەی ئەلعابە بەزمانی خۆیان

*****
سەری ساڵە و
بەفرە بێگەردەکەی
لووتکەی هەڵگورد
شەوقی باباگوڕگوڕ
سووریکردووە و ئەڵی
کەرکووکی من، کەرکووکی کورد
بووکێکە هێشتا هەر کچە
چاوەڕوانی باواخوونی
یەکجارەکی ئەکاتەوە
چاوەڕوانی یەکەم پێشمەرگەیە
دەست لە ملیبکاتەوە

*****
سەری ساڵە و
دەنگی ڕەوا
هیچ تەشویشێک نایبەزێنی
ئەوەتانێ
دە گوێبگرن
چۆن دەنگم دڕ بە تەشویشی

زۆردار ئەدا و ئەیتاسێنێ
سەری ساڵە گەر راست ناڵێم
تەشویشەکە
بۆ ئەیەوێت بمخنکێنێ
قوربەسەرتان
تەشویشەکەش بێژنگێکە
بە رووی رۆژی
دەنگی دلێری کوردا
ئەنووزێنێ
یاسینێکی ترسناک
بۆ گیانەڵای ئاغاکانی
ئەخوێنێ

*****

سەری ساڵە و
دوا هەناسەی لەیلا قاسم
سەری پێشمەرگەکانی
بەتالیۆنی
شەشی خانەقینی گەرمکردووە
لەگەڵ هێرشەکانیانا
خەنجەر ئەڵی لەیلا
یرنەو ئەڵێ لەیلا
بەمۆ ئەڵێ لەیلا
منیش ئەمشەو ئەڵیم لەیلا

لە تەنشیت خانووەکانی ئێمە و چاپخانەکەی شۆرشا گردێکی لێبوو لەمسەری بۆ ئەوسەر توونێلێکێان لێدابوو بۆ خۆشاردنەوەی کاتی بۆردومان، ئێمە وامان لێهاتبوو پێمان شەرمبوو خۆمان بشارینەوە، کە چاکیشمانئەکرد، برادەرێکی کارمەندی چاپخانەکە ورەی هەرچیەک بهاتایە خێرا رایئەکردە ناو تونێلەکە، ئێمەش گاڵتەمان پێئەکرد، جارێکیان گەشتە تینی وتی ئەچم شکاتتان لێئەکەم، ئەڵیم من فەرمانەکانی بەرگری میللی بەجێئەهێنم ئێوە ناهێڵن و گاڵتەم پێئەکەن.

رۆژێکیان لە گەرماوەکەی چۆمان دوای خۆشتن هاتمە دەرەوە، بە رێکەوت هونەرمەند وریا ئەحمەددم دی دوو بێچووە سمۆرەی پێبوو لە گەڵ بوتڵێک شیرا، دوای چۆنی و چاکی وتم ئەوە خەریکی چیت؟ وتی ئەم بێچووە سمۆرانەم بۆ کاکەمەم بۆتانی هێناوە، دەمێکە رووی لێناوم وتم دە مەیدە بەو من حەزی لێئەکەم بیدە بە من، وتی ئەمانە ئەدەم بەو جووتێکیش بۆ تۆ ئەهێنم، ئیتر سوپاس بۆ ئێزدان کاکەمەم چووبوو بۆ ئەودیو، کاکە وریا هاتەوە لام و وتی ئەگەر ئەم سمۆرانەت بدەمێ، کە کاکەمەم هاتەوە یەکێکیان ئەدەی بەو؟ منیش یەکسەر وتم باشە، لە دڵی خۆما وتم هەر ئەوەندە بمداتێ ئیتر کاکە مەم چاوی بە سمۆرە ناکەوێ، سمۆرەکان و بوتڵە شیرەکەم لێوەرگرت و زۆر سوپاسی کاکە وریامکرد، زۆر دڵخۆشبووم بەو سمۆرانە و کەوتمە بەخێوکردنیان، کە گەورەبوون زۆر بزێوبوون پێم کۆنترۆڵ نەدەکران، هەمیشەش لەناو باخەڵمدا بوون، بۆنی میزەکانیان بە جلەکانمەوە هەراسانیکردبووم، هەر باشبوو گەریشنەبووم، چونکە بەو هاوینە هەر کراسێکم لە بەردابوو، نینۆکەکانیشیان هەموو پشت و سکمیان بریندار کردبوو، شەوێکیان بە راستەوخۆ هەواڵەکانم ئەخوێندەوە، هەردوکیان سەریان لە کراسەکەمەوە دەرهێنا و دەستیانکرد بە زیکەزیک منێش بۆ ئەوەی دەنگیان لە مایگرۆفۆنەکەوە دەرنەچێت، سەریانم کردەوە بەناوا، نەخێر بۆ جاری دووەم خراپتر ئەیانزیکان، منیش هەر بە خوێندنەوەوە سەری یەکەمیانم گرت و فڕێمدا و، سەری دووەمم بۆ نەگیرا کلکێم گرت و کەمێکی قرتا، کە هەواڵەکانم خوێندەوە، زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە، وتم ئاخر

حەمەرەشی تۆ خۆتت لێ تەوقە سمۆرەت بۆچیبوو؟ بەهەر حاڵ کاکەمەم هاتەوە و من رای خۆم گۆری و لە یەکێکیان خۆم رزگارکرد و ئەو بەڕێزەشم رازیکرد و چاکەکەی کاکە وریاشم بۆ بردەسەر. بێگومان پێویستیش ناکات بڵێم کامیانم داوەتێ، چونکە ئەوە دوو مانگبوو بەخێومئەکردن.

## بەشی هەشتەم

دەمەدەمی زستانبوو سەرچیاکانی دەور و پشتی چۆمان، سەکران، گردەمەند، هەڵگورد، حەساریرۆست، لەوبەرێشەوە چیای کارۆخ بەفر سپیکردبوون، بەڵام دۆڵەکان هێشتا بەفریان لێنەباریبوو، دەمەو رۆژئاوایەکی زۆرخۆشبوو، بەندە و کاک خەڵەف زێباری، کاک دارا سەدیق نووریجان، کاک تاڵب غوڵام، کاک مەهدی، بە کورتی زۆربەی برادەرانی ئیزگە لەبەر هەتاوەکە کۆرمان بەستبوو هەرکەسەو شتێکی ئەووت، لە ناکاو ئەوەندەمان زانی فرۆکەیەکی تۆپۆلیفێکی شانزە(باجەر) ێک دەرکەوت و بە هەوەسی خۆی دەستیکرد بە بۆردومانکردنی ئەو ناوچەیە، سەرەتا دوکەڵی لە چیای کارۆخ هەستان، ئینجا دەور و پشتی گەڵاڵە و قەد پاڵەکانی بەری راستی چۆمان کە ئێمە لە دامێنی مەمی خەلانەوە ئەیگێرینەوە، ئینجا هاتە سەر سەری ئێمە، ئەو کاتە زۆر ترساین.

هاتمە نزیک تورنێلەکە و سەیرمئەکرد ئەگەر بۆمبا فرێبدات خێرا بچمە ناوی، تۆپە دژە فرۆکەکانیش پەیتا پەیتا بۆیان ئەهاوێشت هەر چەندە بە چاو نزمێشبوو کەچی بۆ پەنجاوحەوت ملیمیش هەر بەرزبوو تۆپەکان پێی نەئەگەیشتن، بەرامبەریشمان لە پانتاییەکەدا مووشەکێکی دژە فرۆکە ئامادەکرابوو، کەچی سەرکردەی گرووپەکە زۆر بێباکانە سەیری ئەکرد و وەک ئەوەی کۆلارەمان بەسەرەوەبێت، منیش ناوی سەرکردەکەم ئەزانی با بڵێین ناوی (حاجی) بوو، هاوارمئەکرد (حاجی تێیگرە) ئیتر هەموو هاوارمان لێئەکرد، فرۆکەکەش زۆر بێباکانە بەسەر سەرمانەوە ئەسووڕایەوە، وەک ئەوەی رۆژیان تەواوبوویێت، ئێستاش کە کاکە خەڵەف تەلەفۆنم بۆ ئەکات بە ناوی ئەو سەرکدەیەوە بانگمئەکات، کە هاوارم لێئەکرد، ئیتر کابرا یەکەم مووشەکی تێگرت هەموو دامان لە چەپڵە و هاوار هاوار، کەچی مووشەکەفەنی لە جیاتی ئەوەی بەرەو فرۆکەکە هەڵسێت بەو ناوەدا بەلەسەبووبوو، سێچوار مەتر لە زەوییەوە بەرزبوو هەردەمەی روویئەکردە لایەک دواجار روویکردە ئێمە و هەموو لەسەردەم خۆماندا بە زەویدا، ئیتر وەک وەک دەبدەبە فشبووەوە و نەتەقی، ئێزدان پاراستینی، نەخێر مووشەکی دووەمی تێگرت ئەمیش هەروەک ئەوەی یەکەم نەختێک قنەقنی کرد و لە دڵی خۆما وتم ئەمیش فت،..... فتی چی لەپڕ پیرە مووشەک هەڵسا، هەڵسا، هەڵسا رۆحمچوو وتم ئەمێش نایگاتێ نەخێر حەشوەیەکی تریش بۆی تەقییەوە و ماوەیەکی تر بۆی کشاو یەک دانە ماچی گەردنە حەیاتەکەیکرد، ئەی ئێزدانی مەزن چیماندی، یەکەم جار دووکەڵێکی سپی، ئینجا پرتەقاڵی، ئینجا خۆڵەمێشی و بوو بە رەش، وا وردە وردەش دنیا تاریک ئەبێت، فرۆکەم فرۆکە وەک داڵی بەزیو، بەرەو قەدپاڵی چیای گردەمەند لەودیو مەمی خەلانەوە، ملی حیزکرد و شانی دادا، ئای ئێزدانی مەزن لەو خۆشییە، جۆرە هەڵپەرکێیەکمئەکرد هەڵپەرکێی وا لە ئەفەریقاش دەستناکەوێت ئای لەو خۆشییە هەر ئێوارە لە ئێزگەکەوە مژدەدرا بە هەموو کورد، هەرچەندە هەموو ئەمانزانی تۆپۆلیفە بەڵام وا بڵاوکرایەوە کە فرۆکەیەکمان خستووە جارێ نازانین چیە و لە داهاتوودا پێتان رائەگەیێنین، ئەوەش جەختە بۆ راستگۆیی شۆرش، گەورەترین تەکنەلۆجیای دوژمن کەوتە خوارەوە کە نازدارترین دیاری یەکێتی سۆڤییەتبوو، بۆ بەعسی خوێنڕێژ و قەسابی کوردی پێبکات، چونکە بەو تۆپۆلیفەیان ئەووت باجەر کە لە بوچەرەوە هاتووە مانای قەساب (بژی مرۆڤایەتی!!!!!!!!!!).

ئیتر هەر ئەو شەوە چوونە سەر فرۆکەکە کە نزیکەی دووسەعاتێک لە ئێمەوە دووربوو بۆسەر چیاکە، ئیتر بۆ بەشی دووەمی هەواڵەکان بەتەواوی ناوی فرۆکەکەمان هێنا و بۆ سبەینێش ئێوارەکەی بە درێژی باسمانکرد، بەڵام من و مەهدی هەر بەیانی زوو، هەندێک کولێرەمان

هەڵگرت و چووین بۆ فرۆکەخانەکە!!!!!!! بە پیر میوانەکانەوە!!!!!!!!

ئێوارە کە فرۆکەکە کەوت بە چاو وامان ئەزانی هەر چارەکێک لێمانەوە دووره، کەچی وەک وتم بە پێی ئێمە کە خێرابووین زیاد لە سەعاتێک رۆشتین، ئینجا گەشتینە یەکەم بەشی فرۆکەکە کە پێشەکەیبوو،ئاخر وەک عەرزمکردن مووشەکەکە لە ژێر گەردنیدابوو، پێشەکەی جیاکردبووەوە، لەوێ یەکێک لە فرۆکەوانەکان لەسەر پشت کەوتبوو، رانێکی پەڕیبوو، پاڵە پەستۆ هەموو جلەکانی شڕکردبوو، گیرفانێکی نایلۆنی ئاوی لەسەر ئەژنۆیبوو، بەڵام بۆ زانیاری وەرگرتن گێرفانەکە هیچی تیانەمابوو، ناوەکەی لەسەر سنگی نووسرابوو، ناوی (موهەننەد عەبدولجەبار ئەلتکریتی) بوو، دەموو چاوی لە گورگ و شتی وا ئەچوو، من بە بینینی کوژراو کەمێک تێکئەچم بەڵام پێشئەوەی بگەینە سەری من بابۆڵەیەک نانم پێبوو وردە وردە ئەمخوارد، کەچی هەروەک ئینسانیشنەبێت گوێم نەدایە و سەیرمئەکرد و نانم ئەجوی و قووتمئەدا، جا لەبەرئەوەی دە سەعاتێکی بە سەرا تێپەریبوو، ئێسکی ئەوەندەیتر قورسبووبوو، بەخوا پیس و بەدفەساڵبوو، جەنابی موهەننەد دوو ئەستێرەی بەسەر شانەوەبوو دیاربوو کابتنی فرۆکەکەبوو. ئەوە یەکێکبوو لە میوانە رەزاقورسەکان، ئینجا دە خوولەکێکی تر رۆشتین، چی ببینین؟!! جارێ بۆنی هایدرۆلیک و رۆن و بەنزین کاسیکردین، ئینجا چاومان کەوت بە فرۆکە سۆڤیەتییەکە، زۆر زەبەللاحبوو پانییەکەی بە باڵەکانییەوە زیاد لە چواردە مەتر و درێژییەکەشی زۆر لەوە زیاتربوو، ئەو ناوە هەمووی فیشەکی تەقیو و نەتەقیوی رەشاشەکەی ناویبوو، دەیەها زنجیرە فیشەک، لە دەرەوە و ناو فرۆکەکە، خەڵکێکی زۆر کەوتبوونە ناوی بۆ پارچەی تەیارەکە و شکاندنی شووشەکەی پێشەوەی بۆ ئەوەی بیکەن بە دەسکە خەنجەر، پێش ئەوە زۆر دەسکە خەنجەرم دیوە کە لە شووشەی فرۆکەی کەوتوو دروستکرابوون زۆر جوانبوون، هەرچەندە جگە لە جوانی لای من مانایەکی تریشی هەبوو، کە نیشانەی بەزینی دوژمن و سەرکەوتنی کورد نیشانئەدا.

ئینجا لە نزیک یەکەوە سێ ئەفسەری فرۆکەوانی ترمان بینی دوو ئەستێرەیەک و دووانیشیان یەک ئەستێرەیان هەبوو، یەکێک لەوانە قژی زەردبوو زۆر سەیر کەوتبوو دەم وچاوی بەر خڕکەبەردێک کەوتبوو هیچی نەمابوو، یەکەمجار وامزانی خڕکەبەردەکە دەموچاوێتی کە لێی نزیکبوومەوە سەیرمکرد تەنها قژی ماوە، وەک بارۆکە کرابووە سەر بەردەکە و بەردەکەش بووبوو بە دەم و چاوی، زۆر سەیربوو، ئەوەیە تۆڵەی زەردەشتی مەزن، بزانە چۆن ئەو فرۆکەوانانەی بیتاوانی کوردیان بەو چەکە جەهەننەمیانە هەلا هەلاکرد، ئەهورامەزدا پێیان ئەنوێنی. ئەو دووانەی تریشیان هەریەکەی بە جۆرێک جیقیان دەرهاتبوو. لای کلکی تۆپۆلیفەکەشەوە دووانی تر کەوتبوون، ئەوان ئەفسەرنەبوون نائیب زابتێکی رادار و دووخەتێکی بێتەلبوون دووخەتەکە هەر لە وەلەکە سەکنەکان ئەچوو، ئەوانەی هاوارئەکەن بابشەرجی،عەلاوی. سەیری سەر و فەساڵیانمئەکرد و ئەمووت ئائەم بەدفەساڵانەن ئەو هەموو قەسابخانانەیان ئەنجام ئەدەن و ئەو بێتاوانانە ئەکوژن، ئاخر ئێمە داوای چیمانکردووە لەوە زیاتر کە ئەمانەوێت وەک هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە بە ئازادی بژین، ئیتر هەرکەسەو بۆ یادگار پارچەیەکی هێنا. هێشتا نەگەڕابووینەوە، دوو تەیارەی سۆخۆی هاتنە سەرمان، شوێنەکەشمان زۆر خراپبوو، خێرا خۆمان خستە قۆرتێکی نزیکەوە، بەڵام پێشئەوەی بگەنە لای ئێمە دژە تەیارەکان یەکێکیان پێکابوو، لە ناوچەی دەرگەڵە کەوتە خوارەوە، زۆڵەکورد فرۆکەوانەکەیان کە بە پەرەشووت هاتبووە خوارەوە دەربازکردبوو و، رزگاریانکرد کاتێک پێشمەرگە گەشتبوونە سەر فرۆکەکەی لەو ناوە کڵاوەکەیان دۆزیبووەوە، فرۆکەوانەکە ناوی (عەبدولکەریم عەبدوڵڵا) بوو، ناوەکەی لە کڵاوەکەیدابوو، لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەم فرۆکەوانە لە لایەن سەدامەوە نۆتی ئازایەتی لە شەڕی ئیران عێراق درایە. دوای کەوتنی ئەو فرۆکانە بۆ ماوەی چەند رۆژێک سەرمان سووکبوو بۆردومان کەمبوویەوە، دوای ئەوە دیسان دەستیانکردەوە بە بۆردومانمان، توخوا با ئەوەشم بیر نەچێت ئەو فرۆکەوانانەی کە قەڵادزێیان بۆردومانکرد، سەرکردەی پۆلە فرۆکەکە ناوی سالم سلطان بصۆ بوو چەند جارێک لە ئیزگەکەوە هاڕەشەی لێکرا، لە رێگەی تایبەتییەوە ناوەکەی زانرابوو، ئێستاش بیرمە برادەرێکی بێژەری عەرەبی ناوی یاوەربوو وتارەکەی لە دژ خوێندەوە، کە ئەیووت(انک اجبنت فی حرب اسرائیل

وانهزمت، ولكنك كنت شجاعافى قتل ابرياء قلعدزه) تۆ بڵێیت ئێستا وەک بەرزەکی بانان نەسوورێتەوە؟؟!!!!

ئێوەی بەرێز و بەشی نۆیەمی ئەم بیرەوەریانە و چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگزیش، بۆ سەر ئاتەشگەدەکەی ئاهورامەزدای دلۆڤان، کە لە ئاهو نزوولەی هەزارەها بیتاوانان بێتە وەڵام تۆڵە لە دوژمنە پشتاوپشتەکەی ئەم نەتەوە خێرنەدیوە بکاتەوە و زۆڵە کوردیش رووڕەشکات.

## بەشی نۆیەم

پێشەکییەک بۆ ئەم بەشە

لە ئاوەز و سۆزمەوە فوارەی سوپاس و پێزانین هەڵدەقوڵێت و ئەپرژێت بەسەر ئەو هێژایانەی کە بەرز ئەم بیرەوەریانەی بەندەیان هەڵسەنگاندووە و بە ئیمەیل یان پێدوو هەستی پیرۆزیان بۆ کردووم بە دیاری، بە تایبەتی نووسەری هەستهەژێن کاکە قەیس قەراخی، کە بە زمانی عارەبی وتارێکی بە بایەخی خۆیئاسایی لەسەر نووسیوم و لە زۆربەی سایتەکانا بڵاویکردۆتەوە، هەروەها هونەرمەندی نەتەوەیی هەوک ئەفسووناوی خالید رەشید کە پەیتا پەیتا هانمئەدا تا دڵۆپێک بیرەوەریم پێمابێت بەشی کۆتایی نەنووسم، جگە لە ئامۆژگارییە سووتبەخشەکانی، ماوەتەوە هونەرمەندی دەستڕەنگین محەمەد ساڵەیی کە بە ئیمەیلە دەریالووشیرەکانی زوو زوو ئەو رووداوانەم بیر ئەخاتەوە، کە ساڵانێک بەو عەیام بەدەم پیاسە دوور و درێژەکانمانەوە بۆم گێراوەتەوە، هەروابێتەوە ئەندازیار کاکە فازیڵ نەقشبەندی، پێشمەرگەی چاونەترسی ئێزگە و گۆرەپانی نەبەردی،نووسەری ئافریکانشینم کاکە فەخرەدین گەرمیانی، هونەرمەندی بە توانا بەرێز وریا ئەحمەد، کاکە رەوا بابە تایەر،کاکە ساماڵ سلێمان کەرکووکی، کاکە بەهادین مەجید و.... هەموو ئەو بەڕیزانەی کە لە بەشەکانی تردا بەسەریان ئەکەمەوە و ئێستا داوای لێبووردنیان لێئەکەم.

بێگومان هەموو هونەرێک بە بێژەرییشەوە، لەپڕ چەند شاکاریک لە دڵ و دەروونی هونەردۆستەکەدا زیاتر لە بەرهەمەکانی تری هەڵدەکشێن بۆ سەرەوە، خۆ باخچە و گوڵشەنیش هەروایە لە پڕ چەند چووزەرەیەک لەوانیتر زیاتر باڵائەکات، منیش لەو شاکارانەی لە ئێزگەی دەنگی کوردوستان پێشکەشمکرد، جگە لە هۆنراوەی سەری ساڵە و کاکی برا و راپەریوم، چەند وتارێکی تر کە نووسینی خۆمبوون و جێگەی شانازیمن، چەند نووسینێکی بە هێزیدیکەش کە هی برادەرانی تر بوون، هەر لە مژما ماونەتەوە و بە شاکاریان ئەزانم لەوانە نووسینێکی دکتۆر کەمال مەزهەر کە لە سەر زاخارۆفی نووسیبوو، ئەو زانا رووسییەی کە لەسەر داوای مافی رەوای نەتەوەی کورد و رەواگۆیی تر تووشی دەردیسەریانکردبوو، هەروەها نووسینێکی کاک فەلەکەدین کاکەیی بە ناوی(مناڵێکی رێواسفرۆشی چڵمن) کە لە رۆژانی سەرەتای دەستبەکارکردنمەوە بە راستەوخۆ خوێندمەوە، ئەو چیرۆکە کورتە دەتوانرا بکشێت و ناسکترین شانۆگەری یان فلیمێکی لێبێتە بەرهەم، وتەی ئەو مناڵە رێواسفرۆشە، ئەوە سیو ئەوەندە ساڵە هەر لە مژما ماوە، کە چەپکە رێواسەکەی بە هەرکەسێک ئەفرۆشت، خێرا پێیشی ئەووت(باوکم لەسەر ضدجەوە) ئەو قسەیە هەر بۆ ئەوە نیە بە ئاسانی لێیبگەڕێیت، باوکم لەسەرضدجەوە ئەوە وا دەگەێینێ، کە پێمان ئەڵێت بە سووکم مەزانە، من کوڕی پێشمەرگەیەکم لەسەر تەیارەشکێنە، من گەورەم، بۆیە بێباکانە لەسەر جادەی چۆمان رێواس ئەفرۆشم لە مەترسی تەیارە باوکم پارێزگارمە، پارێزگاری تۆیشە ئەی کڕیار، لەبەر ئەوە بەم مناڵییەوە داوای ئەوەت لێئەکەم رێزم بگریت، ئای چۆن بۆ ناخی ئەو مناڵە قووڵئەبوومەوە، وام ئەزانی بەرامبەر ملیۆنەها جەماوەر نمایشئەکەم، خۆزگە ئەو چیرۆکەم دەستئەکەوتەوە، لام وایێت لەو کتێبەدا هەیە کە کاتی خۆی بەرهەمەکانی ئێزگەی لە دووتوێگرتبوو. هەروەها نووسینێکی کامەران قەرەداخی وابزانم دکتۆر ئەنوەر قادر جاف کردی بە کوردی (برووخێ باجەر بژی پێشمەرگە) هەر وەها شیعرێکی عەبدولخالق سەرسام .....

چۆن بێزاربم لەم رێگایە
منماڵەکەم چادرێکە و لەکۆڵمایە
چۆن بێزاربم لەم رێگایە
من دەزگیرانەکەم
چەکەکەمە و لە شانمایە

هەر ئەوەندەم بیرماوە بێ ئەرک بەخۆی بڵێن تەواویکات، ئێستا وابزانم لە هەولێرە ...... دە توخوا ئەم دوو کۆپلە هۆنراوەیەی منیش بخوێننەوە، کە لای بەعسی خوێنم حەڵاڵکرا، بێگومان ئەمێش وەک(سەری ساڵە) درێژە و بەندە هەر دوو کۆپلەی پێشکەشئەکەم ئەمە زیاد لە چەند جارێک لە ئێزگە خوێندوومەتەوە، جگە لە پێشتر کە بۆ جەماوەری کەندیناوا و بازیان و نادی فەرمانبەرانی سلێمانی لە ئاهەنگێکی گەورەدا و لە کاتی دەسەڵاتی بەعسا خوێندمەوە.

کاکی برا راست ئەفەرمووی
بەڵی وایە
سەرانسەری کوردوستانم
بەهەشتێکی ئاشکرایە
هەرچی بینی و پیا رۆشتووە
وای فەرمووە
کاکی برا تۆش لە خاکمای
ئەگەر کوردنیت کێ تۆی هانی
گەر میوانی
لێمببوورە
بەخێرهاتی سەرچاومانی
بەڵام ئەگەر داگیرکەری
نیازت وایە ئاپڕوومبەری
بە پشکۆی قین داختئەکەم
فێری وشەی ئاختئەکەم
کاکی برا زویر نەبیت
هێند پیرۆزە کوردوستانم
ئەیپارێزم، وەکو ئاپڕووم
وەک ئیمانم
مافی خۆمە کەوا ئەڵێم
گەر برامی زیزمەبە لێم

*****
کاکی برا من نەتەوەم
خاوەنخاک و مێژوو و زمان
شۆرشگێر و چاوکراوەم
بۆیە کوردم وەک کێو وەستان
بە خاکمەوە خەویان ئەدی
تاسەر بیخۆن بە نامەردی
لە خەونیانا منیان ئەدی
بەشخوراوێکی بێزمان
نەیانزانی
من نەتەوەم
خاوەنخاک و مێژوو و زمان
من ئەوکەسەم
بروسکەی ئەو نیوەشەوەم

که دوژمنم ئاڵەو خەوە
ڕاچڵەکان
کاکی برا تۆش ژاکاوی
دیارە کە تۆی ئاڵەو خەوە
ڕاچڵەکاوی
دە پێت ئەڵێم، مژدەت لێبێ
ئێستاشنەبێ، هەر هەڵێبێ
وات گێژئەکەم بخولێیتەوە
ئەوەی خواردت
پڕشێیتەوە
کاکی برا زویرنەبیت
هێند پیرۆزە کوردوستانم
ئەیپارێزم وەکو ئاپرووم
وەک ئیمانم

ئەگەر دەرفەتهەبوو نووسینی تریش بەسەر ئەکەمەوە زۆرم لە یادماوە، جارێ ڕووداوەکانم بەلاوە گرنگترە، توخوا وانیە؟

هەر ئەو ڕۆژەی لە مۆڵەتێکی دوو حەفتەیی لە مەریوانەوە هاتبوومەوە، دایک و خوشکی برادەرێکم لەوێ دی چاوەڕوانیان ئەکرد، وتیان برووسکەمان بۆ کردووە هاکا هات، کە گەشتمەوە لای خۆمان برادەرەکەم دی، وتم ئەوە نەڕۆشتووی دایکت و خوشکت لە تەوێڵە چاوەروانتئەکەن، برووسکەت پێنەگەشتووە؟ وتی برووسکەی چی ئەوە بەراستتە؟ برادەر وەک شێتی لێهات، ئێوارەبوو هەر بەو ئێوارەیە کەوتە هاتوچۆ بۆ مۆڵەت و ڕۆشتن، منیش زۆر پەرۆشیبووم، بە هەرحاڵ ڕۆشت و دوای دوو حەفتە هاتەوە وتی ئەوە لێرەیت ئەی برووسکەت پێنەگەیشت؟ دایکت ئەوە هەفتەیەکە لە تەوێڵە چاوەڕوانت ئەکات، وتم برووسکەی چی؟ من ئەو کاتە نامەم بۆ نووسین دوومانگی تر بێت، بۆ وا زوو؟ ڕامکرد سواری ئۆتۆمبیلبووم بۆ بەشی بێتەل، وتم برووسکە بۆ من هاتووە؟ وتیان هەفتەیک دەبێت و ئێستاش دانەیەکی ترت بۆهاتووە، کە خوێندمەوە، ئەڵێ دایکت چاوەڕوانتئەکات، ئەگەر سبەینێ نەگەیت دووسبەی ئەڕواتەوە. هۆنەرمەندی بەرێز کاک کەریم کابان لێپرسراوی بەشی بێتەلی ڕاگەیاندنبوو، داوام لێکرد کە برووسکەیەکم بۆ بنێرێت بۆ تەوێڵە بۆ نووسەری خۆشەویست کاک تایەر صاڵح سەعید، ئەو کاتە بەرێزیان پەیامنێری هێزی زمناکۆ بوو، دایکم بۆ سۆراغم ڕووی لەو نابوو، برووسکەکە ناوی ئەویشی تیابوو، کاک کەریم کابان فەرمووی کاک حەمەرەشی دوو ڕۆژە برووسکەی تایبەتی بە فەرمانی سەرەوە قەدەغەکراوە، حەزیشئەکەی بۆ تۆ فەرمانەکە ئەشکێنم، وتم نا وامەکە و من زۆر سوپاسی ئێوە ئەکەم، بزانم ئەچم بۆ بێتەلی سەرەکی(ئاراس) لەوێ بۆم ئەنێرن..... لە ڕێگا وتم دەی ئەوا برووسکەشم نارد ئەی دکتۆر کەمال چۆن مۆڵەتم ئەداتێ؟ بەو هەزار حاڵە تا ئەوەی پێشووم وەرگرت، ئەی خوایە چۆنی پێ بڵێم؟ ئەی خۆ بەم ئێوارەیە ڕێگا نیە بڕۆم تا سبەینێ. بە ڕێگاوە بۆ لای دکتۆر کەمال ئەمەم هات بە بیرا..... برووسکە نانێرم ئەگەر مۆڵەتی دامێ ئەوا برووسکەکە لە ئێزگەوە ئەنێرم، دوایی عەرزتان ئەکەم چۆن! چوومە لای دکتۆر کەمال و یەکسەر وتم مۆڵەتم ئەوێت. وتی ئەی تۆ هەمووی دوو حەفتەیە هاتوویتەوە، سەرتان نەیەشێنم بە هەرچی ڕیخۆڵەبەکێشێیەک هەبوو، ئەویش لەبەر دایکم دە ڕۆژ مۆڵەتی دامێ، وتم دکتۆرگیان هەر ئەوە نا داوایەکی تریشم هەیە، وتی فەرموو بڵێ، وتم ئەبێت ڕێگامبەیت ئەمشەو، وتارێکی خۆم بخەمە پرۆگرامەکەوە، وتی ئەبێت مام هەژار ببینێت، وتم زۆر کەمە بەرێزتان ئەتوانن ڕێگام پێ بدەن، وتی بڕۆ بیهێنە با سەیریکەم، وتم جارێ نەمنووسیوە بەڵام پەیمانت ئەدەمێ بە دڵی ئێوەبێت، بە نا بەدڵییەوە بۆ ئەوەش ڕێگایدام..... بەرێزینە ئەم وتارەم نووسی و نەموێرا مەبەستەکەم بۆ کەس بدرکێنم دوایی ئەبوو بە مقۆ مقۆ و جۆرەها نان و پیازی پێوە ئەخورا، جا تەنها نیو سەعاتیشم مابوو ئەبوایە بمنووسیایە. وتارەکە.....

ئەمەتام دایە، لە شوێنێکم کۆڵان و شەقامەکانی، چوارده ساڵه چاوی بێگانەی پیا دانەپچڕاوە.
چوارده ساڵه ئەم ناوچەیە پۆستاڵی رەش نەیشێلاوە.
ئا ئەم شوێنە کوردوستانی ئازادکراوە.
دایە ئالەم شوێنە شانۆگەرییەکمان پێکهێناوە.....
مرۆڤایەتی ناوە.....
ئێمەین ئەکتەرەکان، ناوچەکەیە تەختەی شانۆ، چیاکانیش کەوالیسن، جەماوەریش گشت جیهانە.
دایە ناگەڕێمەوە لات .....
تا شانۆییەکە بە کۆتا نەگات.....
دایە ناگەڕێمەوە لات.....
تا پێشمەرگە نەگاتە حەمرین، نەگاتە گردۆڵکەکانی وڵات.....
تا پێشمەرگە گشت کوردوستان ئازاد ئەکا و، بێگانەی تیا گسکئەدات.....

کە هاتوویتە لام وا دێمەلات، چاوەڕێمکە وا دێمەلات.....
ئەڵیم نەڕۆی وا دێمەلات.

ئەو شەوە دایکم کە یەکەمجار گوێی لێمئەبێت، ئیتر ئەڵێت بەخوا هەر لەوێیە و نەهاتووە و نایەت، کە دەگەمە کۆتایی وتارەکە، کاک تایەر ئەڵێت ئەمە برووسکەی ئەوە، ئەڵێت مەڕۆ وا دێمەلات. بۆ سبەینێ کەوتمە رێ و بە دوو رۆژ گەیشتمە تەوێڵە دایکمم بینی و سێچوار رۆژ مامەوە و گەڕامەوە.

## بەشی دەیەم

پێشەکییەک بۆ ئەم بەشە

بە ڕاستی خوێنەرە بەڕێزەکانی ئەم بیرەوەریانە کارێکیان کردووە، ئەو کاتە چەند شانازبووم کە بووبووم بە ڕینگێکی گەیاندن لە نێوان شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز و هەموو نەتەوەی کورد بە تایبەتی و جیهان بە گشتی، ئێستاش شانازی بکەم بەم بیرەوەرییە ساکارانەمەوە، کە بۆتە مایەی بابەتێکی بە تام و چێژ بۆ نەتەوەکەم و بە تایبەتیش ئەو هێژایانەی تینووی مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەکەیانن، لێرەشدا دیسانەوە سوپاسی نووسەری بەرێز کاکە فەخرەدێن گەرمیانی ئەکەم، لە نووسینێکدا دەربارەی ئەم بیرەوەرییانە وەستایانە بە تان و پۆیا هاتۆتە خوارەوە، ئەوە هەر تەنها نووسینی رووت نیە، ئەوە زەرەنگەرییە ئەو هێژایە داڕشتووە، ئەمە دڵسۆزییەک و شەیداییەکی بێگەردە بۆ کولتووری نەتەوەکەی. ئەوەی لە بەشی پێشوودا مژم یاوەرمنەبوو، لێرەدا سوپاسی گەرمم بۆ هەر پێنج سایتە نەتەوەییەکەی:

Klawrojna.com kurdistanan.com arankurd.com khaknet.com pasok.eu
کە بە بایەخەوە بڵاویئەکەنەوە و ئەو وتەیەیان سەلماندووە، کە سایتەکان بۆ خزمەتکردن هەرتەنها تەکنیکزانی نیە، بەڵکو رۆشنبیرییشە و جیاکردنەوە و ناسینەوە و بژارکردنی زەیوان و داڕووجان و خارە لە خەرمان. سوپاس بۆ رۆژنامەی(خەبات) کە سەلماندوویەتی رۆژنامەیەکە سەربە دەزگایەکی دەوڵەتیی مۆدێرن، بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرەوەریانە سەلماندیان بیرورا بە جیاوازیشەوە رێزلێگیراوە بە مەرجێک لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەدا بێت. سوپاس بۆ رۆژنامەی (میدیا) ی نەتەوەیی خۆشەویست کە ئامادەییان نیشاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بیرەوەرییانە.
سوپاسی برای بەرێز و نووسەری لێهاتوو دکتۆر ئەحمەد بابەکر میراودەلی، نووسەری خۆشەویست نوورەدین سەعید وەیسی، هونەرمەند میران عەلی، کاکە بژار مامەند، کە دەستخۆشییان لێکردووم.

ئەو ساڵە دەزگای ڕاگەیاندن زۆر بە ڕێکوپێکی وەک هەموو دەزگاکانی تری شۆڕشی ئەیلوولی پیرۆز لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێکخرابوو، ڕەوانشاد کاکە دارای تۆفیقەفەنی ئاغا فەتحوڵا (ئەمە ناوی تەواوێتی) ئەمینداری گشتی ڕاگەیاندنبوو، دوو بریکاریشی هەبوو ئەوانێش دکتۆر کەمال خەیات و کاک تەڵعەت نادربوون، یەکەمیان بۆ لێپرسراویی ئیزگە و چاپخانە و میوزیک، دووەمیان بۆ کاروباری شێوەکاری وەرزش و لاوان، لە کاربەدەستە دیارەکانی ئەم بەشە خوالێخۆشبوو ئەنوەر توفی هونەرمەند و هونەرمەندی خۆشەویست نووری ئیسماعیل و وابزانم کاکە مەم بۆتانی چیرۆکنووسیش هەر لەم بەشەبوو، لە کارە هەرە دیارەکانیان بەرهەمهێنانی چەند پۆستەرێکبوو لە لایەن هەنەرمەندان کەمال عەبدوڵلا و عەتا قەزاز و سمکۆ تۆفیق و کاک نووری خۆی و چەندان هونەرمەندی تر، ئەو پۆستەرانە بە شێوەیەکی هونەری چاپکران و جگە لەوەش دوانزە دانەیان کران بە ڕۆژ ژمێرێکی قەشەنگ، جوانترین و پرماناترین پۆستەریان بەلای منەوە پۆستەرەکەی لەیلا قاسمی نەمربوو بە سێدارەی عرووبەوە، نیهادی دڕندەشی ئەکرد بە ئاو، نازانم نەتەوەی کورد چۆن ئەو هەموو کارەساتەی بیرئەچێتەوە.

تیپی مۆسیقای شۆڕشیش بە توانایەکی هونەری بڵندەوە یارمەتی ئێزگەیان ئەدا و پەیتا پەیتا داهێنانیان ئەهێنایە ئاراوە، بەهێزترین سروود و گۆرانی، ئالەو ساڵەدا باخی هونەری نەتەوەکەمانیان ڕازانەوە، هەرچی کەڵە میوزیکژەنەکانی تیپی سلێمانی و تیپی باواجی کۆیە هەبوو لەو تیپەدا بوون، جگە لە کەڵە گۆرانی بێژەکانی سەرانسەری کوردوستان، سروودە دێرینەکان هەموو بە شێوەیەکی نوێ، نوێکرانەوە جگە لە لەدایکبوونی چەندەها سروودی نوێی تر، ئەو گۆرانیانەی ساڵانی دوایی لەلایەن تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی باواجی تۆمارکران زۆربەی لە ناو شۆڕشدا لە دایکبوون وەک (یاران وەستێتم) ی هونەرمەند کەریم کابان، (لێم یاخیەی) هونەرمەند حەسەن گەرمیانی، دە توخوا ئەمەش جێی خۆیەتی، با لێرەدا بیگێرمەوە..... چەند جارێک بە ڕاسپاردە داوام لە هونەرمەندی دەنگخۆش حەمەی نێرگزکرد بێتە دەرەوە، زۆر برادەربووین بیرمئەکرد، بەڵام هەر گوێی بە داواکەم نەئەدا، درەنگێک خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی هاتە دەرەوە، دوای بەخێرهاتن خێرا وتم ئەی حەمە، وتی ئەوی ڕاستیبێت پێم وت با بچینە دەرەوە بەڵام ئەو نەهات، منیش زۆر ڕقم لێی هەستا، لە دڵی خۆما بڕیارمدا کەتنێکی پێبکەم بۆ ئەوەی ناچاربێت و بێتە دەرەوە، چووم گۆرانییەکیم هێنا و دامە دەست ئەو بەڕێزەی تۆماریئەکرد، وتم ئەم گۆرانییە لێبدە بەڵام میکرۆفۆنەکەم بدەرێ با پێشکەشیکەم بە گوێگران، وتی باشە، ئەو نەیئەزانی مەسەلە چیە، منیش ئاوا پێشکەشمکرد: گوێگرە بەڕێزەکان ئێستاش لەگەڵ هونەرمەندی شۆڕشگێر حەمەی نێرگز و گۆرانی جووتێ چاوی شینی مەنگت، کەچی نەمزانیبوو دوو ڕۆژ پێش ئەوە، چووبوون بە ئیشی ئەشغال جادە چاکبکەن، لوغمێک بە لۆرییەکەیاندا تەقیبوو، شۆفێرەکەی کوشتبوو حەمەش ئەوکاتە بە بریندارى لە خەستەخانە کەوتبوو، کە هاتینەوە بیرمخستەوە وتی بۆیان گێرامەوە، ئەگەر توانام هەبوایە لە ترسا ڕامئەکرد بەڵام هێزی ڕاکردنم نەمابوو.

ئەو فرۆکەوانانەی کە ئەکەوتن، زۆربەیان ڕزگاریان ئەبوو یان ئەکوژران کەمیان بە دیل ئەگیران ئەمیش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە زۆڵەکورد قورتاریان ئەکردن وەک چۆن باسمکرد عەبدولکەریم عەبدوڵلایان ڕزگارکرد، هەروەها ئەو دوو فرۆکەوانەی گوندی کەڵەشێر کە هێزی ڕزگاری خستنی، وەک ئەیانوت یەکێکیان عیراقیشنەبوو، یان بە کوژراوی دەست شۆڕش ئەکەوتن، وەک ئەو شەش فرۆکەوانەی لە ناو باجەرەکەدابوون، هەروەها یەکێکیتر بە ناوی (هاشم قەدۆ) (سەیری ئەو ناوە!! تۆ بڵێی کوڕی حەمە قەدۆی موسڵ نەبووبێت، ئەوەی کە دایکم زوو ئەی وت ئەم هەموو پارەیەت ئەدەینێ ئەگەر حەمە قەدۆی موسڵیشبین دەرەقەت نایەین) ئەم خاڵە باوکەیە لە نزیک ڕێزانەوە شانی دادابوو. یەکێک لەوانەی بە زیندوویی دەست شۆڕش کەوت ناوی صفاء شەلال بوو بە گیراوی هێنایان بۆ بەندیخانەی شۆڕش لەوێ وابزانم کاک کامەران قەراخی چووبوو چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەوانی لێبکات، کەچی وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی نەدابووەوە، ئەوانیش زۆریان لێنەکردبوو، دوایی کاک کامەران بۆی گێڕامەوە خەریکبوو شەقمئەبرد، باشە بۆ هەر ئەبێت ئێمە مرۆڤبین و مافی مرۆڤ بپارێزین، کەچی هیچ دوژمنێک لەگەل کوردا مرۆڤنەبوو.

هاوینی ئەو ساڵە ئێزگە جمەی ئەهات ئەوەندە کاربەدەستی بێئشی لێبوو ئەو بەڕێزانەی لەوێ کارابوون بە هەموو بەشەکانەوە سی کەس نەدەبوون کەچی زیاتر لە هەشتاکەس لەوێ تۆماربوون جگە لە میوانی چەند برادەرێک، زۆریان لەبەرەکانی شەڕ خۆیان بۆ لای هەندێک برادەر ئەدزییەوە، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی بێشوماری تر لەناو هەموو راگەیاندندا کە هیچ ناونیشانێکیان بەجێنەهێشت، زۆریش لەوانە بەناو هونەرمەند و نووسەربوون، جاری وا هەبوو ئەندازیار و بێژەر و هونەرییەکان بە ماندوویی لە کار و تۆمارکردن ئە هاتینەوە نان بخۆین، کەچی ئەو بیکارانە هیچیان بۆ نەئەهێشتینەوە، سەرەڕای ئەوەش قسەی زلیان ئەکرد، جارێکیان کە گەڕاینەوە لە برسا دوەرییەکم لە بەرماوەکەیان بۆ خۆم تێکرد و بە قێزوبێزەوە دەستمکرد بە خواردن دەورییەکەم لەسەر زەوی دانابوو، یەکێک لەوانە هەر بە بەردەمما پیاسەیئەکرد و بە پێڵاوەکەی تۆزوخۆلی هەڵئەدایە ناو خواردنەکەوە، منیش وتم برا تۆ نایەڵیت بەرماوەکەشتان بە دڵمەوە بنووسێت ئاخر ئەم بەهاراتەی ماوە پێوەیبکەیت؟ کەچی زیاتر تۆزوخۆڵی ئەکرد بەسەرا، بۆی رۆشتم و قوڕقوڕاگەیمگرت، وتم لەگەڵ تۆمە و هەندێک وشەی ناشیرینیش لە دەمم هاتە دەرەوە، کەچی هیچ دژەکردارێکی نەکرد، لەوە زیاتر کە وتی ببورە. دەستم شلبوو، نانەکەشم پێنەخورا و چوومە ناو چادرەکەمەوە دەستمکرد بەگریان، بەڵام نەمهێشت کەس ئاگای لێمبێت، پاش ماوەیەک چووم دەستمکردە ملی و وتم لێم ببوورە کەڵلەییبووم، گرنگ ئەوەبوو تۆ بەرەنگارمنەبوویتەوە و، لە من پیاوتربوویت، کەچی وتی ئەی تازەتزانیوە؟؟ دەستمکرد بە پێکەنین و بەیەکەوە بەرەو دەربەندی رایات رۆشتین و لەوێ نەفەرێک کەبابی بۆ کڕیم و هەموو رۆژێکیش ئەگەر درەنگ بکەوتینایە، ئەو بەشەکەی منی لەلاوە دا ئەنا تا ئەهاتینەوە.

## بەشی یانزەهەم

لە دوای کەوتنی فرۆکە باجەرەکەوە و دوای ئەوەش فرۆکەکەی تر و، سەرکەوتنی پێشمەرگە لە گۆرەپانەکانی نەبەردا و خاوەندارێتی شۆڕش بۆ هەندێک چەکی نوێی گورچکبڕ، وەک مووشەکی دژە تانک و دژە فرۆکە و جۆرەها تۆپی نوێ و راگەیاندنێکی بەهێز و سیستەمێکی پتەو لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردندا و ئیفلیجکردنی سوپای عیراق بە جۆرێک کە یەک بست پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەئەدی و سوپاکەی بەو هەموو یارمەتییەوە ببووە پەندی پسات و وەک نیشانە نرابوونەوە بۆ پێشمەرگە و، دەستپێشکەری تەنها شۆڕشئەیکرد، لە هەموو بەرەکانی نەبەردی سوپای عیراق وەک کیسەڵ ملی بردبوو بە ناوا. بەعسی عرووبەوی تاوانبار ئەیزانی ئەمەی بۆ ناچێتە سەر ناچار ژێربەژێری هەر خەریکی کڕنووشبردنبوو بۆ زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و بە کلیلی بەرژەوەندی نەوت هەرچی دەرگا و دەروو هەیە لە شۆڕشی کوردی کڵۆمکرد و، لە بری ئەوەی مل بۆ شۆڕشی کورد کەچکا و بگاتە ئەنجامێکی رەوا لەگەڵ بارزانی نەمردا، دەستی بۆ شای ئێران بەرزکردەوە و خۆیدا بەدەست ئەوەوە و، ئەویش لە جەزایر بە پێی رێکەوتنێک نەک هەر شەتلعەرب و زەوییەکی زۆری سەر سنوور ئاپرەوومەندیشی لێسەندن، هەر ئەو رێککەوتنەش بۆیبوو بە رەگی گولی ئەوەتانێ تا ئێستاش هەر بە رەچەڵەکیانا ئەچێتە خوارەوە و، جارێ لە کوێیشیانە.

ئەوە هەر داری ئەو شۆڕشەیە بە رۆحیانەوە و وەک شێرپەنجە دایانئەڕزێنێ، شۆڕشی کورد خستنیە لیتەیەکەوە هەرچەند پەلەقاژەبکەن زیاتر بە قوڕەکەیدا رۆئەچن، ئەو شۆڕشەبوو ناچاریکردن بۆ پاشگەزبوونەوە لە رێکەوتننامەی جەزایر، جەنگی عیراق/ ئێران بەرپابکەن، ئەو جەنگەبوو ئابووریی داڕزانن و، ناچاریکردن بۆ چارەکرنی ئابووری تەپیویان کوێت داگیربکەن، پێ خستنە ناو کوێتیان وەک پێ خستنە سەر قومبەلە وابوو جەرگ و هەناوی هەرچی دوژمنی کوردە، یەکاڵایکردەوە و یەکڕیزی دوژمنانی کوردی پەرشوبڵاوکردەوە، هەتا ماون بلێن حەیدەرم قەلەندەرم، چونکە ئەو شەڕی ئیران و ئەو کوێت داگیرکردنە هەر ماڵی بەعسی وێراننەکرد، ماڵی هەموو دوژمنانی کوردی وێرانکرد، ئەمەش باسێکی سەربەخۆیە لە بابەتەکەمان تەمەنمان بۆ مابێتەوە لە نووسینێکی تایبەتدا دایئەبەزێنین. ئێستا هەر ئەوەندە ئەڵێم بۆ پاساوی ئەو هەموو هەڵەیەی کراوە و ئەو هەموو زیانەی لە نەتەوەی کورد درا، با دەستی

خوێناوی بە شۆڕشی ئەیلول و سەرکردەکەی نەسپرن. ئەو شۆڕشە جێگای شانازی هەموو شۆڕشگێرێکی خاوێنی کوردە لە کوردوستانا و، هەموو شۆڕشگێرێکی نیهاد گەشە لە جیهانا بە هەر کەمو کوورییەکەوە ئەگەر بە گەردەبینیش نابینرێن، تاوانەکەشی هەمووی لە ملی دەروون نەوییەکانی نەتەوەکەی خۆمانایە. وەک وتمان ئەمیش بۆ بابەتێکی تایبەت.

هەر لە سەرەتای ئازاری ساڵی 1975 کە سەدامی خوێنڕێژ بەرەو جەزایر ملی وردکرد و شای گۆڕبەگۆڕیش هەر بۆ ئەوێ ملی وردکرد، ئەز لەبیکردنەوەدا گێژ و حۆلبووبووم، ئەورەحمانی بەشی ئینگلیزی هاتە لامەوە وتی ئەڵێی شتێکت بیستووە، وەک جاران نەماویت. وتم ئەورەحمان گیان وازملێبێنە لەوە ئەچێت قورمان بۆ گیرابێتەوە، ئیتر ئەو ئەوەی بەسبوو، وتی ئەبێت پێم بڵێیت چیە پەیمانبێت لای کەس نایدرکێنم و ، هەروازی نەهێنا. وتم هیچ نیە هەر لەم کۆبوونەوەیەی جەزایر ئەترسم و کورد زۆر بێکەسە. وتی چۆن؟ وتم هەتیو چی چۆن ئەوەتا هەرچی چەکی کوشندەیە و کارمان تێناکا، لە بەر ئەوە بەعس بۆ لەناوبردنمان هەموو عێراق ئەدا بە بەرتیل کەرکووک نەبێت. بۆ ئێوارە مقۆ مقۆ کەوتە ناو برادەرانەوە، هەر یەکەو شتێکی ئەوت، بەو شێوەیە ماینەوە هەتا شای گۆڕبەگۆڕ گەڕایەوە و ئینجا وردە وردە پلانەکە ئاشکرابوو، یەکەمجار وا بڵاوکرایەوە کە ئێران سنوورمان لەسەر دائەخات و ئەبێت بێ یارمەتی شۆڕش بەردەوامبێت، جا خۆ ئەو کاتە ئەوە گەورەترین مژدەبوو هەر ئەو شەوە نوسینێکی خۆم و یەکێکی رەووف بێگەردم خوێندەوە، هەمووی گڕ و ورە و تینبوو رووبەڕووی پێشمەرگەمانئەکردەوە، بۆ سبەینێ بەهەشتی کاک دارا تۆفیق بەیانی زۆر زووبوو هاتە لامان، جەختی لەسەر ئەوەکرد کە لەمەولا شۆڕش ئەکەوێتە قۆناغێکی دیکەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەمەولا دەبێت هەر پشت بە هێزی خۆمان ببەستین، ئەوەی توانای نیە باپروات بۆ ئەودیو ئەوەشی پڕوای بە خۆیەتی با بمێنێتەوە، ئێمە تا سەرکەوتن هەر شەرئەکەین. ئای لەو پیاوە ئاکار بەرزە چەند شۆڕشگێر و خاوەن ورە و قسەخۆشبوو، وا ئەزانم دوێنێیە وای لێکردین ئەز بەشبەحاڵی خۆم پڕبەدڵ حەزمئەکرد واز لە ئێزگە بهێنم و بچمە بەرەکانی نەبەردی. هێشتا کاک دارا نەڕۆشتبوو دوو سۆخۆی زۆر بە نزمی هێرشیان هێنا ڕێک بۆ ئێمە و چەند مووشەکێکیان هاویشت بۆمان زۆر سەیربوو یەک کەسمان لەجێی خۆی نەجووڵا بۆ خۆشاردنەوە، کاک داراش قسەکانی خۆی نەبڕی و هەر بەردەوامبوو، مووشەکەکان بەر گردەکەی خوار ئێزگە کەوت، دۆشکەکانی سەر ئیزگەش تەقەیان لێئەکردن. ئیتر هەموو دڵنیابووین کە شۆڕش بە جۆرێکی تر ئەمێنێتەوە و کاک دارا سواری جێبەکەیبوو رۆشت، ئیتر هەر زەلامبوو چەکەکەی کە ساڵێکبوو کەشخەیی پێوە ئەکرد، ئەیدایە دەست خوالیخۆشبوو کاک عوسمانی عەبە لادێیی لێرسراوی ئازووقەی راگەیاندن و ئۆغری ئەکرد بۆ ئەو دیو هەر چەند پێمان ئەوتن کاکە ئەی شۆڕش؟ ئەی کورد؟ ئەی کوردوستان؟ ئەی ئەم چەکەت بۆ پێبوو؟ ئەها ئەبریقێتەوە، ئێستاش پێشمەرگەی وا هەیە بە بەرد میلی تفەنگەکەی ئەهێنێتەوە. زۆر برادەریش هەبوو تا ئەو کاتە بە بێئیش دانیشتبوو، کە بوو بە رۆژی تەنگانە یەکسەر چەکێکی لە کاک عوسمان وەرئەگرتوو بەرەو پێشەوەی شەڕ تەکانی ئەدا، ئێستاش بەهەشتی جەمیل رەنجبەرم لەبەر چاوە کە تا ئەوکاتە چەکی نەبوو، هات بۆ لای کاک عوسمان و وتی ئا کڵاشنکۆفێکی راکردووەکانم بدەری ئەمرۆ ئەچم بۆ پێشەوە، توخوا با دار شووشەبێت لەمەولا رۆژی پیاوە، وانا حەمە گیان؟ وتم کاک عوسمان ئەو حەفتاو پێنجییەی بدەرێ ئەم بە راستێتی. ئای ژیان هەرچەند جۆرە کەسانێکم بیر ئەکەوێتەوە نەک هەر کورد قینم لە خۆشمە، کەسانێکیشم بیر ئەکەوێتەوە خۆم بە شانازترین کەس ئەزانم کە رۆژێک لە رۆژان برادەریانبووم.

ئەو چەند رۆژە زوو زوو سەرم لە ناوپردان ئەدا بۆ لای شێخ بابە تایەر، عەقید نووری مەلا مارف ئەیوت با بەیەکەوەبین و دابڕنەبین. رۆژانێکی زۆر سەیربوو هەموو بووبووین بە برای دایک و باوکی یەکتر و سەد ئەوەندەی جاران پەرۆشی یەکتربووین. بابەتەکانی ئیزگە لەگەڵ جارانا جیاوازبوو، بە هەوەسی خۆم ئەموت (ئێرە دەنگی کوردوستانە) عیراقەکەم بەتەواوی سواغدابوو، لە ناو قامووسی منا نەمابوو کەسیش نەیئەپەرژایە سەرم، با ئەوەشم بیر نەچێت ئەوکاتە وەک وتم ئیزگەکە وەک بەشی کوردی هەر ئەز و مەهدی ئومید مابووینەوە لەگەڵ کاک خەلەف و محەمەد ئەمین ئاکرێیی، بەڵام بەشی عەرەبی کاک دارا سەدیق و کاک تالب و کاک

محەمەد بەدری لێبوو، بەشی تورکومانی سەلاح نووری و ئەحمەد یێکەس. توخوا با بیرمنەچێت هەرچەندە دەفتەری یادگارییەکانم پێ نیە بەڵام بۆ مێژوو با ناوی ئەوانە بڵێم کە ورەیان وەک کێو بەرز و پتەوبوو، شەوانە لە ژوورەکانی ئێزگە تا بەرەبەیان کۆ ئەبووینەوە و دوو دوو نیو سەعات نیو سەعات، ئێشکمانئەگرت چونکە مەترسی ئەوە هەبوو سوپای بەعس بە پەرەشووت دابەزێتە سەر ئیزگە، وەک وتم زۆربەی خەڵکەکە فجووقیانکرد بۆ ئەو دیو، پێشمەرگەکانیش کەمبووبوونەوە و لە ئێمەشەوە دووربوون، لەبەر ئەوە ئەبوایە ئاگامان لە خۆمانبوایە.

## بەشی دوانزەهەم

خوێنەری بەڕێز بۆیە حەزدەکەم دەمودەست سوپاسی ئەو هێژایانە بکەم کە بە مەیڵ و پێدوو دەستخۆشیم لێدەکەن، ئەڵیم نەبا ئازیزان گلەیی ئەوەم لێبکەن کە خوانەخواستە ئەرک پیرۆزباییەکانیان بە هەند وەرناگرم و لەسەر سەرم دامنەناون، چونکە ئەم بیرەوەریانە وادیارە درێژە ئەکێشێت و، نامەوێت سوپاسگوزارییەکانیان بکەوێتە درەنگ.

کاکە ئامانج عەبدوڵڵا سوور، هاوبیری دڵسۆزم خەروارێک سوپاس بۆ ئەو هەموو خەمەی بۆ ئەم بیرەوەریانەی دەخۆن، بەهۆی بەرێزتانەوەیە بیرەوەرییەکانم میوانێکی شەرمنی هەموو شوێنێکی وڵاتی کوردە، ئەم کارە پیرۆزەشتان خستە ناو توێشەبەرەی رەنج و تێکۆشانتان، چاوتان هەر وا گەش و وردبینبێت، نووسینەکانیشت هەروا سەلارانە و خەمخۆربیت. خانمی نووسەر و هۆنراوەپاراو بێریڤان جەمال، سوپاس تێبینییەکانت ئەوەندە ورد و بەخشندەن لەمەولا وەک قردێلە ئەیبەستم بە تەوقە سەری نووسینەکانمەوە. کاکە شاخەوان عومەر عەلی، کاکە فەرهاد محەمەد قادر، سوپاسی هەستی ناسکتان ئەکەم.

لە بەشی پێشوودا وتمان ئەوانەی لە رۆژە تاڵەکانی شۆرشدا، ورەیان بەرز و وەک کێو پتەوبوو و ئامادەی خۆبەختکردنبوون و ترس لە چاویانا شوێنینەبوو، شەوانە تا درەنگانێک وتووێژمانئەکرد و لە هەموو کاتێک دڵشادتر و رووگەشتربووین، ئەو دانیشتنانە ئەگەر تۆماربکرانایە گەورەترین و بەهادارترین پەند و وانەبوون بۆ نەوە دوای نەوەی ئەم نەتەوە یێکەسە، هەموو ئامادەی ئەوەبووین ئەگەر دوژمن هێرشبهێنێ بەرەنگاریانبینەوە. هەربژین بۆ کورد کاکە ئەنوەر قادر جاف، کاکە لەتیف هەڵمەت، کاکە فەرهاد شاکەلی، کاکە رەووف بێگەرد، کاکە ئەحمەد دەشتی، کاکە سەعدوڵڵا پەرۆش، کاکە عەبدولکەریم دەشتی، کاک تالب غوڵام، کاکە دارا سدیق، کاکە خەڵەف زێباری، کاکە مەهدی، کاک محەمەد بەدری، کاکە سەلاح نووری، کاکە محەمەد زادە، کاکە سەلام مەنمی، کاکە ئەنوەر شێخانی، کاکە نەژادی عەزیز سوورمێ، کاک نووری ئیسماعیل، کاک فازیل نەقشبەندی، کاک محەممەد ساحیب نەقشبەندی،(کاک فازیل لەگەڵ هونەرمەند ئەسعەد قەراخی ئەو کاتە تازە لە بەرەی شەڕ گەڕابوونەوە، ئەمان بە مووشەکی سترێللا شەڕیان لەگەڵ میک و باجەر و سۆخۆیئەکرد). خوێنەری بەرێز نەتەوەیەک ئەم بەڕێزانە پێشمەرگەیین و گیانیان بۆ خاک و نەتەوەکەیان خستبێتە سەر لەپی دەستیان، ئیتر سەربەستی بۆ کوێ رائەکات لەدەستمان، ئێمە نەوەی سەروەرانی پێش خۆمانبووین، ئێستاش نەوەکانی ئێمە هەمان ئەرکیان لەسەرشانە و هەر ئەو شوێنپێیە هەڵدەگرن لەهەرکوێبن، نەوەی نەوەشمان هەر ئەوە رێگایانە، دە بتۆپێت بیری چەواشە، ئاسەواری نەمێنێت تۆوی زۆڵەکورد بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

ئەو کاتانە ئێواران ئەم برادەرانەم جێئەهێشت و سەرئەکەوتم بۆ ئیزگەکە، بۆ خوێندنەوەی بابەتی پەلە بە راسەوخۆ، بیرمە کاک فازیل نەقشبەندی و ئەندازیارێکی تر لەو دیو لە کۆنترۆڵەوە، گوێیان لەمن گرتبوو هۆنراوەیەکی خۆمم ئەخوێندەوە بە ناوی راپەڕیوم، ئەوە چەندهەمجاربوو ئەو هۆنراوەیە بخوێنمەوە، جێی خۆیەتی ئێستاش بینووسمەوە.....

**راپەڕیوم**

دەنگە دەنگی
تەرجومانی پێناسەکەم راپەڕانم
قینی گەڕان
بەشوێن سەودای وێنەکەما
ئارامی لیٚ وروژانم
کەرکووکم دی
ئەیانەویست بۆیاخیکەن
تارمایی گشت شەهێدەکان
یەخەی کوردیان رائەتەکان
ئەیانهەژان
هاوریانکرد خۆتان لادەن
با پریشکمان بەرنەکەویٚ
ئەیانەوێت ونمانبکەن
ئاگاداربن
ئازار زۆرنای خووی دێرینە
پەلەقاژەی پێش مردنبوو
تاکوو نەمرن
ئازار کەفی فێگرتنبوو
کەچی وتیان ئازار گۆڵە
تاکوو رەگی
زۆر قووڵ کشا بە هەستما
ئای ئەو گوڵەی
پێش بۆنکردن دڕکت چەقی
بە دەستما
وائەیبرم
ئەو دەستەی تۆی بە من ناسان
وا ئەیدڕم
هەر یاسایەک ئاوێنەیە
بۆ روخساری ساختەچیتان

*****
راپەڕیوم
حەمرین وتی
هەڵسوکەوتی
میوانەکان ناشیرینە
حەمرین وتی
جرتوفرتی
میوانەکان خاکدزینە
میوانەکان وەچەی جەردەن
شانیان بۆ دوور لێداداوە
میوانەکان داوێنپیسن
رووسووریان پێنەماوە
منیش وتم چاوم لێیە
چاوم لێیە و ژەنگی تفەنگ

ئەسڕمەوە
ڕاپەڕیوم ئەمجارەیان
چیرۆکێکی خوێناویتر
بۆ مێژووی کورد
ئەنووسمەوە

*****
ڕاپەڕیوم
لە سکاڵای ئەرخەوانی
گردی سەیوان
کاتێ هانای بۆ شارەکەم
هێنایەوە
وتی تا خوێن ئاومنەدا
ئەوا بەهار خونچەی سوورم
ناکرێتەوە
نرکە نرکی شەهیدەکان
هەرگیز ئارامنابێتەوە

*****

ڕاپەریوم
ئەمجارەیان نەک ئەرخەوان
نەک درەختی گردی سەیوان
گشت درەختێ
گشت کێو و هەرد
رووبار، دار، بەرد
خوێنیئەدەم با پاراوبێت
گشت کوردوستان
هاتم سەفین، گۆرەز، گۆیژە
عەلی بەگ و ئۆمەراغا
هاتم ئەزمڕ
مەشخەڵانم
مەشخەڵانی بابا گوڕگوڕ
هەڵمەتئەبەم
لە گشت جێیەک من پێشمەرگەم
هەتا دوژمن بە کەساسی
کڕنووشئەبا و جیهان ئەڵێن
کوردمان ناسی
من هەم، هەر هەم
هەر هەم، هەر هەم
ئێستاش نەبم
سبەینێ هەم
هەر هەم و هەم

دوای ئەوە هاتمە دەرەوە، دڵم زۆر پڕبووبوو لە داخی ناپیاویی و بێئابڕوویی دوژمن، خوێنەری بەرێز: ئەوە تاقیکردنەوەیەکی زۆر تاڵبوو سیاسەت دۆست و دوژمن ناناسێت، بەرژەوەندی دۆست و دوژمن دیاریئەکات، ئەوەی ئێستا دۆستە مەرج نییە سبەینێ نەگۆڕێت، شاییت بە

پشتگرتن و یارمەتی بێگانە نەیەت، یارمەتی و پشت و پەنا هەر خۆتیت، لە چل و هەشت سەعاتا چی یارمەتی هەبوو هەموویان بردەوە و، یەک تاکە فیشەکی خۆیانیان بۆ نەهێشتینەوە، فرۆکەی بەعسیش وەک سەگی هار کەوتبووە گیانمان گوللە تۆپی دژە فرۆکە نەما، تەنها دۆشکە هەبوو ئەویش کەڵکی نەبوو. بەیانییەک لەگەڵ شێخ باباتایەر بە پیاسە بەرەو ماڵی رەوانشاد شەهابی شێخ نووری رۆشتین، پاش ماوەیەک هاتینە دەرەوە رەوانشاد شاسواری مەلاجەلال(شەهید ئارام) یشمان لەگەڵبوو، ئەوان لەیەک خانووی دوو ژووریدا ئەژیان، لە پڕ دوو میک هاتنەسەرمان ئەو دەربەندی رایاتەیان دایە بەر ناپاڵم و مووشەک لەبەر چڕە دووکەڵ چاو چاوی نەئەدی یەک دوانێک کوژران و کۆمەڵێکیشی برینداركرد، هەناسەمان گیرابوو دووکەڵی رەش هەناومانی سیخناخکردبوو، ئەو چەند رۆژە هەوڵی فرۆکە هەر بۆ ئیزگەبوو رۆژی شەش حەوتجار ئەو ناوچەیەی بۆردومان ئەکرد، چونکە ئیزگەکە پڕپڕەی پشتی شۆڕشبوو بە نەمانی ئێزگەکە ورەی هەموو کورد ئەڕووخا لەبەر ئەوە ئێمەش تا ئەمانتوانی کارێکمان نەئەکرد لە ورەی هیچ کەسێک بهێنینە خوارەوە، ئەوە پیرۆزترین ئەرکی سەرشانمانبوو لەو کاتە ناسکەدا.

## بەشی سیانزەهەم

وەک لە بەشی پێشوودا وتمان ئەو رۆژانەی دوای رێکەوتنە شوومەکەی جەزایر، فرۆکە بواری نەدەداین و هەمیشە بێپشوو بەسەر سەرمانەوەبوون، چێشتهەنگاوێک هەرکەسەو بە کارێکەوە خەریکبووین، ئەوەندەمان زانی باجەرێک و دوو فڕۆکەی میک پەیدابوون و دەستیانکرد بە بپردومانکردنی دەور و پشتی ئێمە و، وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەمپێدا، هەر لە منەی ئەوەدابوون ئێزگەکە خاپوورکەن، لە سەرووی ئێمەوە یەک شریت ناپاڵمی هاویشت و ئێمە خۆماندابوو بە زەویدا، هێشتا فڕۆکەکان هەر لە ئاسمانی ناوچەکەماندابوون،  لە دامێنی مەمی خەلانەوە هاوار و هانایان بۆ هێنایین فریایانکەوین، ئێمەش بە هەڵەداوان بە گردەکەدا هەڵزناین و رووەو هاوارەکە رۆشتین، خەڵکی گوندەکە وتیان بەری دوو خێزان منالْ و ژن وان لەو حەشارگەیەدا و بە ناپاڵمەکان داپۆشراون، ئیتر هەر هەمووومان بە بێڵ، بە خاکەناز، بە دەست، تا وزە و هێزمان تیابوو بە ماوەیەکی زۆر کورت گڵەکەمان لەسەرلادان، لەپڕ یەکێک لە منالْەکانم بەدەست فەرهاد شاکەلییەوە بینی بە دەستییەوە شلبووبوو، ناو کونەلووتە کۆڵە بچکۆلەکانی و دەمە نوقڵە سوورەکانی پڕبووبوون لەخۆڵ و خنکابوو، نەخێر یەکێکی تر، ئەوی تریش، دایکیك، دایکێکیتر، هەموو منالْەکان. یانزە منالْی دەستەڵە وساوا و دوو دایکی خنکاو، دوو خێزانی دوو برای پێشمەرگەی دوور لەماڵ، بێ ئاگای ئەوان هەموو بەرەو بەهەشت کەوتنەڕێ، ناپاڵمەکان بارتەقای سێ لۆری خۆڵ و گڵ و قوڕی هەڵدابووە سەر حەشارگاکەیان، ئەو دارگوێزە ئەستوورانەی وەک خەیار کەرتکردبوو، باپیرەی منالْەکان  دوو خێزانی دوو کوڕی بەو شێوە جەرگبڕە بینی، ئەویش منالْەکانی ماچئەکرد و بە مردوویی یەک یەک بەباوەش هەڵی ئەگرتن و لە تەنیشت یەکەوە دایئەنان و ئەیدواندن: ناسکە گیان وەرە باوەشم ئالێرەدا راکشێ قوربان، شێرکۆ گیان وەرە باوەشم بتبەم بۆ لای خوشکەکەت، جارێ با دەموچاوەکەت خاوێنکەمەوە هەمووی گڵ و خۆڵە. بەم شێوەیە ئەیدواندن بۆیە خۆم پێنەگیرا و دامە هاڕەی گریان، بیرمە لەتیف هەڵمەت هات ژێرمکاتەوە، وتم لەتیف گیان وازم لێبێنە من تەنها بۆ ئەو پەپولانە ناگریم، بۆ هەموو مێژووی خوێناوی ئەم نەتەوەیە ئەگریم، ئەزانم تۆش ئەگریت، هەمووومان ئەگرین بەڵام جۆری دەربڕینەکە جیاوازە، سەرم بەرزکردەوە وتم: ئاخر من چ دەسەڵاتێکم بەرامبەر گەورەترین تەکنەلۆجیا هەیە و، چی تێگرتووین تێیگرینەوە، بۆیە ئەگریم. ئەوانەی چووین بەدەم هاوارەکەوە هەر هەمووومان وەک خۆڵی مردوومان بەسەرا کرابێت مات و سەرسام و پەژمەردە و ماندوو و رەنگپەڕیو، بەرەو لای خۆمان شۆڕبووینەوە کەس نە قسەی پێئەکرا نە ئەو رۆژە نانمان پێخورا. (کاک ئەحمەد دەشتی لە نووسینێکیدا هەمان رووداو ئەگێڕێتەوە، خۆزگە هەر هەمووومان لە گۆشە نیگای خۆیەوە ئەم کارەساتەی ئەگێڕایەوە، کە ئەتوانرێت بکرێتە چیرۆک،

فلیم، شانۆگەری و بکرێتە پەند و وانە کە نیشانەی هەڵەکردنی کوردە لەگەڵ دوژمنەکانی، چونکە ئەو برادەرانەی لەوێبووین زۆربەمان نووسەر و شاعیر و هونەرمەندبووین).

رۆژانی ناوەڕاستی مانگی ئازاربوو، بڕیاردرا چەند ئێزگەیەک بنێرنە ناوچە سەختە دوورەکان، بۆ ئەوەی کە کەوتینەوە شەڕی پارتیزانی لەوێوە پەخشبکرێت، وەک ئاگادارم یەکێک لەو ئیزگانە نێردران بۆ دەوروپشتی گوندی یەندزە و لێوژە و کاک ئەحمەد دەشتی لەتەکیا رۆشت و دواییش بۆیبوو بە سەرئێشە لای رژێمی بەعس، لێرەدا من لەو بارەیەوە ئەوەستم بۆ ئەوی بەرێزی خۆی باسیبکات، کاتی خۆی لە ماڵی برادەرێک لە بەڕلین ئەم بابەتەم بیرخستەوە، لەبەر ئەوە حەزئەکەم لە زاری خۆیەوە ئەو رووداوە بۆ مێژوو بەسەربکرێتەوە، وا بزانم ئەهێنێت بزرینەکەین.

هەرکەسێک بیویستایە بەرەو ئەودیو تێپەڕێنی و فجووقکات، ئەوا دکتۆر کەمال کلێشەییکی لەلابوو بۆی پڕئەکردەوە و ئۆغرێئەکرد، ئەو کلێشەیە دوایی کاک فەلەکەدین بە پڕکردنەوەی هەڵدەستا دوای ئەویش کاک مستەفا ساڵح ، ئەویش هەندێک لەو کلێشانەی دا بە بەندە و وتی هەرکەسێک لای ئێوە ویستی پروات پێویستناکات، بێت بۆ چۆمان خۆت ئەمەی بۆ پڕبکەرەوە بیدەرە دەستی با پروات بەڵام کارێکی وا مەکە هەموو داوایکەن، منیش وەرمگرت و هاتمە ئیزگە کە ئەو کاتە بەشەکانی راگەیاندن زۆربەی چۆڵیانکردبوو و هاتبوونە لای ئێمە، منیش پێموتن برایینە هەرکەسێک ویستی پروات ئەوا کلێشەکە لای منە، مەچن بۆ چۆمان بەڵام با ئەوەش بڵێم باوەڕناکەم کەسمان ئەمڕو ئەوەی بە خەیاڵدابێت کە پشتبکاتە شۆڕشەکەی، ئێمە ئەبێت کوری ئەم رۆژە تەنگانەیەبین، خوا هەڵناگرێت جگە لەو بەڕێزانەی لە بەشی پێشوو ناوم هێناون کە وەک چیاکەی بەرامبەرمان بە خاکەکەمانەوە داکوترابووین، زۆری تریش هەبوو لەوانە یەک دوانێکیان نەبێت کە ئێستا بیرمناکەونەوە کێن کەس داوای رۆشتنی نەکرد، کەچی بۆ سبەینێ دوای نیوەڕۆ، سەیر ئەکەم شەشحەوتێک هاتن بۆ داوای نامەی رۆشتن، ئاگام لێبوو ئەوانە پێشئەوەی بێنە لام پیاسەیان لەگەڵ برادەرێک ئەکرد و پاش کەمێک ئەهاتن و داوای پڕکردنەوەی کلێشەکەیانئەکرد، منیش بە برادەرێکم وت ئادەی پرۆ فلانکەس بدوێنە چی وت وەرە پێم بڵی ئەویش چوو بۆ لای برادەرەکە و پاش کەمێک هاتەوە وتی: کاک فلان پێی وتم ئەزانی دەبابەی ڕژێم گەیشتۆتە گەلالە. چاوم پەڕیە پشتی سەرم چونکە ئەو کاتە بە وردی سەیری هەڵسوکەوتی هەموو کەسێکمئەکرد لە دڵی خۆما ئەمووت ئەگەر پیاوی بەعس و سیخوڕ هەبێت، ئەوا ئێستا کاتی ئەوەیە چالاکیبکەن. چوومە لای کابراوە وتم ها چۆنی تێئەگەی؟ کەچی هیچی لەو بابەتە بەمن نەووت، هەر وتی بە تەمای خوای. ئەو برادەرە ئێستا لە هەولێرە، بێگومان لە کاتی گەڕانەوەشمانا بۆ بەعس ملی تێنا، لە نووسینی کوردی و عەرەبیشا توانایەکی باشی هەیە، بەڵام خۆشبەختانە هەموو لایەنەکانی تاقیکردۆتەوە و کەچی هەر لە دوای دواوەیە، بۆیە ناوەکەشی ناڵیم، ئەڵێم نەوەک بە ساویلکانە و بێ نیازی خراپ ئەوەی وتبێت چونکە لەوە گومانم هەیە، بەڵام گومانم نیە کە هاتینەوە هەر زوو ملی تێنا.

هەر ئەو کاتانە دکتۆر کەمال بانگیکردم وتی ئەمەوێت بڕۆیت بۆ سەر ئیزگەکەی ماوەت چونکە یەکدوو رۆژیتر ئەم ئیزگەیە نامێنێت، هەندێک ئامۆژگاریکردم و رەنگ و شێوەی زۆر تێکچووبوو، هەمووومان بێزاریی و رەنجەڕۆییمان بە روخسارەوە دیاربوو، هەر لەوێ بە دەست فەرمانەکەی بۆ نووسیم و (کە پێویستیشی نەئەکرد) من هاتمەوە بارەگای ئیزگە، هەندێک کەلوپەلی پێویستم هەڵگرتوو، ئەڕشێفە بچکۆلانەکەی خۆم کە پڕ جانتا دیپلۆماسییەکەمبوو، زۆربەیم بە گریانەوە سووتان و، دوای ئەوە بەرەو ناوپردانبوومەوە بۆ لای شێخ باباتایەر و شێخ نەوزادی برای کە ئەوانیش خۆیان ئامادەکردبوو برۆن بۆ ناوچەی شارباژێر، کۆمەڵێک چەکیشیان بە پێشمەرگەیەکدا بە سواری ئێستر ئەنارده ئەوێ، منیش کڵاشنکۆفەکەی خۆمم خستە سەری و بڕیارماندا ئێمە سبەینێ لە ئێرانەوە برۆین، نەمانئەتوانی چەکمان پێبێت. ئەو شەوە بۆ دواجار چوومەوە ئێزگە و هەر بە بێ نووسین کاک دارا سەدیق ئاسایی، وتارێکی وام خوێندەوە، ئەوەی ئەگەیاند شۆڕش هەر بەردەوامە و بڵێسەی لە باپیرانمانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، هەبوونی کوردی بێماف و بێئازادی مانای هەبوونی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە، بە چەک، بە قەڵەم، بە باوەڕ، بە ملنەدان بۆ هیچ داگیرکەرێک، ئەمە نامەی باپیرانمانە بۆ ئێمە، ئێمەش بە

دەستپاکییەوە ئەیگەێینین بە نەوەی دوای خۆمان و شۆرش، شۆرشی نەپراوەی نەوە دوای نەوەیە و سەرکەوتنە بۆ سەر ترۆپکی ئازادی.

ماڵئاواییم لە مەهدی و برادەرێکی تر کرد و هاتمەخوارەوە، ماڵئاواییم لە هەموو ئەو گەورە پیاوانەکرد کە لە بەشی پێشوودا ناوم هێناون و هەر بەو نیوە شەوە بەرەو ناوپردان هاتمەوە بۆ ماڵی شێخ باباتایەر بۆ ئەوەی بۆ سبەینێ بەرەو شارباژێر بە ئێرانا برۆین.

## بەشی چواردەهەم

پێشەکییەک بۆ ئەم بەشە

لە نێرگزەجاڕی هەستمەوە چەپکی گەش گەش سوپاس و پێزانین دەسکەنەئەکەم و پێشکەشی ئەکەم بە نووسەری نەتەوەیی هاورێ باخەوانی خۆشەویست، بۆ ئەو نامە ئاستبڵندانەی وەک ئاوێنە خۆمی لەبەر ئەدۆزمەوە، بۆ هێژا دڵشاد مستەفا وەسانی دەستی ئێوەش خۆش کە رەنجی نووسەرانی رەسەن رەنجەڕۆناکەن و مێژووی ئەم نەتەوەیە بە گوڵزاری وشەی کوردی ئەڕازێننەوە، بۆ نووسەری بەڕێز کاکە جەزا چنگیانی سەر و چاوتان خۆش، بۆ نووسەری بەڕیز کاکە حەمە کاکە رەش بۆ ئەو نامانەی لە هەستە خاوێنەکەیەوە بەرەو من سەرچاوەیان گرتووە،بۆ هاورێی دێرین و هونەرمەندی شانۆ کاکە تەها باراوی کە ئەم ئێوارەیە کارێکیکرد، زۆر دیاردەی تەڵخی لەلا رۆشنکردمەوە و، ژوورە تاریکەکانی گومانمی بە پەنجەرەی بێگومانی رۆشنکردەوە.

بەشی سیانزەهەمم بەوە کۆتایی هێنا، کە ئەو شەوەی دوا شەومبوو لە ئێزگەکە هاتمە خوارەوە و ماڵئاواییم لە برادەرانمکرد لەبەر ئەوەی بۆ سبەینێ بەجێم دەهێشتن و بەرەو ئیزگەکەی ماوەت بەڕێئەکەوتم، ئیتر وەک وتم هاتم بۆ ناوپردان بۆ ئەوەی بەیانی لەتەک شێخ بابە تایەر و شێخ نەوزادی برایدا بەرەو ئێران بکەوینەڕێ، ئەز لە سنەوە بەرەو بانە لەوێوە بەرەو ماوەت برۆم، کە گەیشتمە ماڵی شیخ بابە تایەر بەرێزی وتی وەرە دانیشە ئێستا لێرەوە کاک تایەری عەلی والی بەگ و کاک نووری حەمە عەلی و کاک نووری(عەقێد نووری مەلا مارف) و چەند برادەرێکی تر بەرەو لای سەرۆک بارزانی رۆشتن، چونکە داواکراون بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی شۆرشبدرێت و دێنەوە ئێرە. ئای لەو چاوەڕوانییە، دڵم کەوتە پەلەپەل، دەستم ئەخستە ژێر چەناگەمەوە، بیرم قووڵ ئەکردەوە، چاوم ئەپرییە شتەکانی دەوروپشتم، هیچ پرسیارێکم پێنەما هەموو خەیاڵم پەنگی خواردبووەوە، دوای ماوەی دوو سەعاتێ چاوەڕوانی، هەموو ئەو بەڕێزانەی رۆشتبوون هاتنەوە، خواستمبوو هەر یەکسەر بە ڕستەیەک هەرچی هەواڵە بیگێڕنەوە و لە دڵەڕاوکێ رزگارمکەن، هەرچەندە هەرچی پێی بڵێی رووخۆشی لە روخسارییانا نەئەبینرا. کاک تایەری بەهەشتی فەرمووی: بڕایینە سەرۆکمان دی و هەموو شتێکی بۆ روونکردینەوە، ئەبێت شۆرش بوەستێنرێت، پلانەکە زۆر گەورەیە و زۆر ترسناکە، ناپاکییەکی وا لەم شۆرشە کراوە مێژوو نەیدیوە. لە کاتی وتووویژ و دەرپرینی بیر ورا و پرسیار و وەڵامیشا وردە وردە میوانی تر ئەهاتن تاوای لێهات ژوورەکە کەسی دیکەی نەئەگرت و هەمووش وەک خۆڵی مردوومانکرابێت بەسەرا، وەک ژێکەوان هاتبووینەوە یەک، زەبەللاحترین درۆ و تاوانمان لێکرابوو و لەو کاتەدا لە زەوی و ئاسمانا لە کورد رەنجەڕۆتر و بێکەستر شکنەئەبرا، کەس لە ئێمە نەیئەزانی درێژە بە شەڕبدرێت لە بەرژەوەندی کوردە یان وەستاندنی. پتر لە یەک ملیۆن کورد لای ئێران بارمتەیە و چارەنووسیان بەدەست ئەوانەوەیە، بێ یارمەتی ژیانی ئەو هەموو پێشمەرگەیە چۆن هەڵئەسوورێت، ناپاکی ناپاکییە، خۆ ئەگەر ئێران ئەمەیکرد سبەینێش زۆر بە بێئابڕوویی لەگەڵ بەعس پێکەوە ئەکەونە گیانی کورد و رۆژهەڵات و رۆژئاواش هەر لە ئێستاوە تیشکی سەوزی بۆ داگیرسانوون، هەر بە تەواوی ئەکەوینە نێوان دوو بەرداشەوە، ئەمە بڕیارێکی ژیرانەی ئەوێت، کوردێکی بێکەس چۆن دەتوانێت

بچێت بە گژ ویستی هەموو دنیادا، کە دادی نەمانیان بەسەردا دایێت. بارزانی فەرموویەتی با ساڵیک چاوەڕوانبکەین، چونکە دڵنیایە دوای ماوەیەکی کەم رەوشەکە بۆ بەرژەوەندی کورد ئەسووڕێتەوە، ئەگەر نا ئەوا قوربانییەکی زۆر ئەدرێت و ئەنجامیش هەر شکستخواردنە.

خوێنەری بەرێز وەک لە بەشەکانی پێشوودا روونمانکردەوە شۆرشی کورد نامەکەی خۆی گەیاندبوو، دوژمنەکانیشی هەرچەندە سەرزارەکی بووبوونە دۆستی یەکتر بەڵام جەستەیان لە هەموو لایەکەوە مینڕێژکرابوو، ئەوەتا پیایانا تەقیوەتەوە و ئەوەی روویداوە هەر قوری ئەو شۆرشەیە ئەیپێون، بەڵام ئەو کاتە خەڵکی تینووی سەربەستی ئەو ئارامەیان نەبوو بێ ئەنجامێکی کتوپڕ شۆرشەکە بوەستێنن، ژیری و راستیش لای سەرکردایەتیبوو کە رۆڵەی نەتەوەکەیان دووچاری قڕان و لەناوبردنەکەن و کارەساتەکە قووڵتر و جەرگبڕترکەن.

ئەوەبوو بۆ سبەینێ بەرەو ئێران کەوتینە ڕێ و لەسەر جادەکە گەورەترین ئازار ئەچوو بە دڵمانا، جەماوەرێکی زۆر ئەهاتن و ئەچوون شپرزەیی و سەرلێشێواوی بە دەموچاویانەوە دیاربوو، ئەو کاتە پەیمانی تەقە وەستاندندرابوو، کە تەقەنەکرێت تا بەرامبەر هێرشنەکات و هەردوولا لە شوێنی خۆیان بووەستن، چونکە تا پێش ئەو پەیمانە پێشمەرگە زۆر لە جاران ئازایانەتر هەڵمەتی ئەبرد و تەنانەت زۆر شوێنیان ئازادکرد کە لەوەوپێش پێیان نەکرابوو،(من کە لە هەولێر خرامەوە سەر کار، بۆ چەند رۆژێک گەڕامەوە سلێمانی، کە گەیشتمە کەرکووک یەکدوو نەفەر دابەزین یەکدووانێکیتر بۆ سلێمانی سواربوون، یەکێک لەوانە رەوانشاد محەمەد شەوقی بوو دەستی کردە ملم و دوای چۆنوچاکی وتم: ئەوە چیئەکەیت لێرە؟ وتی: بانگیانکردم بۆ لێکۆڵینەوە لە سێخورخانەی سەربازیی کەرکووک. تا هاتە سەر ئەوەی بڵێت: چەند ئەفسەرێکی دەورەی خۆمی لێبوو، یەکەم پرسیاریان ئەوەبوو پێیان بڵێم چۆن توانیمان بێ پاڵپشتی تۆپباران  لەگەڵ پێشمەرگەکانم هێرشبەرین و زۆر زووش سەرکەوتن بەدەستبهێنن، یەکێکیان وتی ئێمە لە کوللییەی عەسکەری بە تۆشەوە، نەمانخوێندووە لە شەڕی بەرامبەردا ئەرێت تۆپباران پێش هەڵمەتبردن بکەوێت؟).

بەهەر حاڵ ئێمەش بە دڵی شکستەوە بەرەو حاجی هۆمەران و ناو ئێران و لەوێوە بەرەو سنە رۆشتین، شەو لە سنە ماینەوە زۆر ماندووبووین، بەیانی هەستاین بەشارەکەدا سووراینەوە، شێخ بابەتایەر سۆراخی ناسیاوێکی ئەکرد، ویستمان دوای نیوەڕۆ ئەوان بەرەو مەریوان و منیش بەرەو بانە بڕۆم، هەرچەند وتی: لەگەڵ ئێمە وەرە، تازە تەواو، بەڵام من هەر بە تەمای بانە و ماوەتبووم، لای نیوەڕۆ شێخ بابەتایەر وتی ئەوە شێخ شەهاب تازە گەیشتووە، ئەڵێت هەموو شت پڕاوەتەوە، ئیتر لەگەڵ ئەوان بەرەو مەریوان رێمان گرتەبەر. هەر کە لە سنە سواری ئۆتۆمۆبیلبووین لە ئۆتۆمۆبیلێکی ترا، دکتۆر کەماڵ و کاکە جەلالی عومەری سام ئاغام دی، دڵم پڕبوو لەگریان زیاتر بە بینینی کاک جەلال، چونکە زۆرجار بەیەکەوە دائەنیشتین هەرچی پاکی و ئازایەتی و دڵسۆزیبوو لەم کەسایەتییە نەفسبەرزە ئەباری، کاک جەلال لێپرسراوی هەموو دارایی راگەیاندنبوو، ئای چۆن هەزارەهای وەک ئەو رەنجەڕۆبوون.

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە مەریوان، قاچم لەدوامنەئەهات کوردەکانی ئەوێ تا ئەو کاتە نەیانئەزانی شۆرش کۆتایی هاتووە، لەوێ شیخ بابەتایەرم جێهێشت، چوومەماڵی کورێکی خاڵم ئەوانیش رۆشتن بۆ ماڵی خزمەکانیان، تا ئەو کاتە بیرم نەکردبووەوە لەم دیو بمێنمەوە یان دیسانەوە برۆمەوە بۆ ژێردەستەی بەعس و حکوومەتی بەغا.

## بەشی پانزەهەم

پێشەکییەک بۆ ئەم بەشە

خوێنەری ئازیز لەوە دەچێت ئەم بەشە و بەشێکی تری مابێت کۆتایی بەم بیرەوەرییە تاڵ و شیرینانەم بهێنم، جا لێرەدا حەزئەکەم ئەوە بڵێم کە بیر و هزرم هەر ئەوەندەی یارمەتیداوم کە تا ئێستا ئەمە پانزەهەمین بەشە، پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەم، خۆ رووداو زۆر لەمە زیاترم لە مژدایە بیانووسمەوە، بەڵام حەزناکەم بۆم بیێتە سەر ئێشە و خوانەخواستە بەوە تاوانبارکرێم کە مێژوو ئەشێوێنم، هەر وەک چۆن بێگومانم بەسەر زۆر دیاردەی گرنگا بازمدابێت، بە هەمان شێوەش بێگومانم لە ڕاستگۆیی بیرەوەرییەکان، بۆ نموونە ئاماژەم بە رۆڵی پەیامنێرەکانی ئیزگە نەکردووە، چونکە بە راستی ناوەرۆکی پەیامەکانیانم زۆر بیر نییە، بۆ نموونە ئاگاداربووم محەمەد ئەمین ئاکرێیی بە خۆبەخش وەک پێژەر چووە بەرەکانی شەڕەوە و لە هێرشێکی رەوانشاد محەممەد شەوقی بەشداریکرد، بەڵام هەر ئەوەندەم لە شریتەکەی بیرماوە، کە ئەو کورە ئازایە پێی ئەووت: سەر دانەوێنە فیشەک ئەبارێت. بیرم ماوە کاک نەژادی عەزیز سوورمێ ئەچوو بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی ناوچەی بەرسرین و رەواندز و بە ریکۆرد و شریتەوە ئەهاتەوە، ئەیدایە دەست برادەران بۆ ئەوەی پێش پەخشکردن گوێی لێگرن، ئیتر بیرەوەریم لێرەدا ئەپچڕێت. بیرمدێت پەیامنێری یەکێک لە هێزەکان کارێکی خراپیکرد بە ناوهێنانی ئەندامانی مەفرەزەیەک و، نیشانەیەکی پرسیاری گەورەی خستە پاڵ ناوەکەی بەڵام ئیتر ناتوانم بۆی قووڵببمەوە و ویژدانیشم رێگەمنادات بە تاوانباریکەم، هەرچەندە بەڵگە و گەواهیش هەن، بەڵام لە دادگای نیهادما ناتوانم بە بێگومانییەوە تاوانباریکەم.

لە بەشی پێشوودا گەیشتمە مەریوان و بۆ سبەینێ لە تەک شێخ بابەتایەر و برادەراندا مامەوە و هەر چاوە چاوی ئەوەمبوو دەروویەک بکرێتەوە، ئەم کوردە لەم کارەساتە جەرگبڕە رزگارکات، هەستمکرد تا چاوپڕکات دەروو نەماوە و جا یان لە ئێران بە هەناسەساردی بمێنمەوە، یان بگەڕێمەوە؟ گەڕانەوە خراپە، لە ئێران مانەوەش خراپترە، خراپم هەڵبژارد نەک خراپتر، چوارسەد تمەنم پێبوو، چووم گۆڕیمەوە بیست دیناری عێراقیم لێ وەرگرت و گێژ و حۆل بە شاردا ئەسوورامەوە، وامئەزانی شۆڕشەکە بەتەنیا خۆمبووم و بە تەنیا لەمن قەوماوە، ئەمە هەستی هەرچی ئەو دڵسۆزانەبوو کە جەرگیان قرچەقرچیئەکرد و دەروویەکیان شکنەئەبرد،کەسەکانم، بۆیە ئاوا بە ناسۆرەوە ئەیگێڕمەوە، با پەند و وانەبێت و لەمەولا بە چاوێکی تیژەوە پروانینە پاشەڕۆژی ئەم نەتەوەیە. کە دەڵێن: مێژوو زوو زوو دووبارە ئەبێتەوە. با کارێکی وا بکەین بە زیان نەشکێتەوە بەسەرمانا و لە کاتی دووبارەبوونەوەدا سووتی لێ وەرگرین، لەوەی دڵمان بتەزێنێتەوە، با ئەم دەستکەوتەشمان لێ نەبێتە خەون، بێگانە برای باوکمان نیە بە تایبەتی لەم چەرخەی بۆ بەرژەوەندینەبێت گیسکە گەڕێک ناخرێتە پێناوی بێوەیترین نەتەوەوە، بە کوردیشەوە، ئای کە ئازارێکی بە سوێیە ژێردەستەیی و تەرازووی بەرز و نزم و نالەباری بەرەنگاربوونەوە.

چەند رۆژێک لە مەریوان ماینەوە، کاتەکەشی رۆژانی دەوروپشتی نەورۆزبوو، کوردەکانی ئەوێ (رۆژهەڵات) هەیانبوو وەک ئێمە خەمبار و رەنجەڕۆبوون بە ئەنجامی شۆڕشەکە، هەشیانبوو لە کەش و هەوای سیانزەبەدەر بەولاوە مێشێک میوانینەبوو، ئەو کاتە بە بیری چەپ و بیری سەڵتەنەتی هەستی کوردایەتیان لەو دەستاڕەدا ئەهاڕی، دوای دووسێ رۆژ لەتەک شیخ بابەتایەر هاتینە پێنجوین لە ماڵی حاجی رەشی ناوێک میوانبووین، ماڵی رەوانشاد تایەری عەلی والی بەگیش هەر لە پێنجوینبوو رۆژانە بەیەکەوەبووین. رۆژێکیان رەوانشاد نووری حەمە عەلی هات لەوێ دابەزی زۆر تێکچووبوو، وتی: من ویستوومە بێمەوە کەچی کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆم هاتوونەتە سەر ڕێم بەرەنگارمبوونەتەوە، ئەگەر نەگبەتیمنەبێت ئەوانە کەیبوون بەوەی بێنە سەرڕێی من، هەرچۆنێکبوو خۆم پێگیرا و کارەساتێکم نەقەومان. ئیتر بە من و شێخ بابەتایەر و کاک تایەری عەلی والی بەگ دڵخۆشیمان دایەوە و هاتەوە سەرخۆی. ئەوەندەمان زانی بەردەرگاکە پربوو لە پێشمەرگە و رەوانشاد فەتاح ئاغا هاتە ژوورەوە، دەستیکردە ملی کاک نووری و وتی: من ئەوانەم ناردۆتە سەر ڕێگاکەت و نایەڵم پرۆیتەوە،

نووری گیان مەڕۆ، تۆ پاڵەوانەکەی هێزەکەمبوویت، نووری بە ڕۆشتنی تۆ پشتم ئەشکێت و لایەکم لێئەبێتەوە، ئەمڕۆ لە ئێمە نیە سبەینێ وا نامێنینەوە، ڕێگای ئازادی ئەم نەتەوەیە ئەم پەیکوڵانەشی تیایە، وەرە برام با بەیەکەوە بەناویا تێپەڕین، نوورییەکەی برام لە دڵەوە دەخوازم بتکوژم و لاشە پیرۆزەکەت لە نزیک خۆمەوە بنێژم ببێتە هاندەرێک بۆ من نەک بە تێکشکاوی بچیتە بەر بارەگای دوژمن. زۆری لەگەڵ وت وتەکانی بەردی ئەکرد بە ئاو، خوڕخوڕ ئاو بەچاویدا ئەهاتە خوارەوە.

بە راستی هەموو وتەکانیم لە یادنەماوە، بەڵام ئەوەندە ئەزانم خۆم پێنەگیرا و سەرم خستە بەینی هەردوو ئەژنۆمەوە، ئای لەو رۆژە. کاک نووری وتی هەر ئەڕۆمەوە و لێرە نامێنمەوە،(کاشکای نەگەڕایەتەوە). کاک فەتاح بە دڵی شکاوەوە رۆشت و لە ناو حەوشەکەشەوە دووبارە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دایەوە، کاک نووری هەر پاشگەز نەبووەوە. ئیتر ئەویش لەگەڵمان مایەوە، تا ئەو رۆژەی هەموو بەیەکەوە بۆ باوەشە گڵاوەکەی بەعسی فاشست بەرەو شانەدەری و کلکەی چەناخچیان و سەیسادق شۆڕبووینەوە، کە ئەگەیشتینە هەر شوێنیک نەبەردێکی پێشمەرگەم بیر ئەکەوتەوە، کە لە برووسکەکانیانا ناوی شوێنەکانیان ئەهێنا، بەتایبەتی ئەو نەبەردەی شێخ محەممەدی سەی عەلی لە نزیک کلکەی چەناخچیانەوە، خۆی ئەکوژێت بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەوێت و غەفوور مایاوایی و چەند پێشمەرگەیەک ئەگیرێن و کاک فەتاح ئاغا و، دکتۆر کەمال خۆشناو خۆیان دەربازئەکەن. رەوانشاد شێخ محەممەدی سەی عەلی ئەو وتەیە بەرجەستەئەکات کە دەڵێت: پیاوی ئابڕوومەند مردنی پێ شکۆدارترە لە دیلیی، بۆیە ئەویش شکانی لە چەمینەوە پێ ئابڕوومەندتربوو.

## بەشی شانزەهەم

پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست، مەرج نییە توانیبێتم هەموو ڕووداوەکان بەتەواوی بنووسم، بەڵام وەك لەپێشدا ئاماژەم بۆ کرد دڵنیام لەوەی نووسیومە بە ڕاستگۆییەوە ڕووناکی دیوە، هەندێکجار لە سنووری ئیزگەکە هاتوومەتە دەرەوە، بە مەرجم نەزانیوە بچمە قووڵایی ئەو دیو ئەو سنوورەوە، با بەڕێزان خۆیان بۆی قووڵببنەوە، بەندە دۆسییەی(ئەمانەتی رۆشنبیریی و راگەیاندن و لاوانی) ئەو شۆڕشە پیرۆزەم لەلا نییە، تا لێپرسراوبم بەرامبەر کەم وکووری، ئێستا بیرمکەتەوە خوشکە گەزیزە و باوکیم ناو نەهێناوە ئەوەشم بە مەبەست لە بیرنەکردووە، کاك عەلی جۆلا برادەرێکی خۆشەویستمە کەچی لە ئەنجامدەرانی پۆستەرە مێژووییەکاندا، ناوی بەڕێزیم بیرچووە. بەندە هەر لە سەرەتای بیرەوەرییەکاندا داوای ئەوەمکرد هەر بەڕێزێك ئەتوانێت نامەم بۆ بنووسێت، بۆ خزمەتی راستی و ئەو ساڵە پڕ سەروەرییەی نەتەوەکەمان، ئیتر کە تەنیاباڵ ئەوەم خستۆتە سەر خەرمانی رۆشنبیری نەتەوەکەم نە پاداشتم ئەوێت، نە پلاری ناڕەوا. هەرچەندە دەستخۆشانەی خوێنەرە بەڕیزەکان وەك وتم قردێلەیەکی پیرۆزن بە تەوقەسەری تەڤ بەشەکانی ئەم بیرەوەریانەوە، دیسان سوپاس، سوپاس بۆ ئێوەش دارا ئارامی هونەرمەند، خەریکبوو تۆشم بیر بچێت.

بەشی پێشووم لە ناوچەی سەیسادق وەستان. کە گەیشتمە ناو دەسەڵاتی بەعس ئەو ئێزدانە چۆن گیانی نەکێشام، ئەڵێن گیان لە شوێنێکی سەختایە و دەرناچێت ئەوە لە هەموو دڵسۆزێکی ئەم خاك و نەتەوەیە روویدا، هەرچەندمکرد چاوم بەرایی نە ئەهات بچمە ناو کۆڕی جەماوەرەکەوە و خۆم بدەم بە دەستەوە، لە ئۆتۆمبێلەکەی کاك جەمالی برای کاك نووری حەمە عەلیبووم، هاتین بۆ سلێمانی و بەرەو ماڵەوە، تاڵترین دیمەنم دی، دیمەنی خوالێخۆشبوو باوکی بەرێزم کە چاوی پێمکەوت و دایە هاڕەی گریان، دە قوری کوێ بگرمەوە و بیکەم بە سەرما، حەزمکرد ئاوا هاتمەوە؟!! دە چیبکەم لە بێدەسەڵاتی و پلانی بێگانەی دوژمن، هەرچۆنێکبوو دەستمکردە ملی. فەرمووی: دانیشە کورم یاخوا هەر سەربەرزبیت وەك

سەربەرزتکردین، گرنگ ئەوەیە ئێستا ویژدانت ئاسوودەیە، ئێزدانیش چی لە چارەی ئەم نەتەوەیە نووسیبێت هەر ئەوەیە. منیش دەمم بەسترابوو خواخوامبوو کەس نەیەت بەلاما، ئەو شەوە لەسەر گازیپشت لێیکەوتم تا بەیانی گینگڵمئەدا.

بۆ سبەینێ چێشتهەنگاو بە هەنگاوی قورسەوە بەرەو ئەمنەکەی سلێمانی رۆشتم کە ناسیاوێکم ئەدی حەزمئەکرد زەوی بکرێتەوە و بچم بە قووتیا و نەیەمە دەرەوە، بەر دەرگاکەشی جممەیئەهات لە پێشمەرگە، ئاخر ئەگەر نەگبەتی نەتەوەیەك نەبێت ئەو هەموو کەڵەپیاوە هی خۆبەدەستەوەدانن؟! ئای رۆژگارە تاڵەکان.

لەوێ کلێشەیەکیان دانابوو هەموو کەسێك ئەبوایە پڕیبکردایەوە، پاش پڕکردنەوەی هاتمە دەرەوە و، بۆماڵەوە.

لەو کاتانەی لە ئیزگە کارمئەکرد خەڵکانێکی زۆر نامەیان بۆ ئەنووسیم بە شانوباڵما هەڵیانئەدا، منیش پێکەنینمئەهات ئەم ناسین لەکوێوە و بۆچی ئەم نامانەم بۆ ئەنووسن نەیانئەزانی وام نیازبوو ئەگەر شۆرشیش سەرکەوت هەر داوای مامۆستاییەکەی خۆمئەکەمەوە و قوتابخانەی لادێیەك خۆت بگرە و هاتم، (نامەی سپی مەرایی، بۆ رۆژی خاترانەی رەش) چونکە ئەوانەی ئەو نامانەیان نارد هەر هەموویان کە ئەیاندیم روویانئەکرد بەولاوە، تەنانەت یەکێك لەوانەم بینی ویستم چاك و چۆنی لەگەڵبکەم وتی: لێم دووربکەوەرەوە با نەزانن ئەتناسم و منیش بەهۆی تۆوە ئیعدامکەن. باشە خوێنەری بەڕێز؟ سەدەها کەسیش هەبوون ئەهاتنە ماڵەوە یان کە لەسەرجادە ئەیاندیم باوەشیان پیائەکردم و ماچیانئەکردم و....ئیتر پێویستناکات باسی کوردپەروەرییانبکەم. ئاخ لە پیاوی مەراییکەر و ماستاوچی، گرنگ ئەوەیە کاربەدەست خۆی سادە و ساکاربێت ئەگینا ئەگەر کاربەدەست تازەپیاکەوتووبێت و ئامادەیی کەشوفشیهەبێت، ئەوا مەراییکەران و ماستاوچییەکان کاتێکی زانی وەك عەلەشیشی خرت گیڤیئەکەنەوە و، بە فیکەیەك ئەکەوێتە قلووقلوو، زۆرن ئەو بابەتانەش.

خوێنەری خۆشەویست لێرەدا کۆتایی بە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە ئەهێنم، هەرچەندە هێشتا هەر خەروارێکم لەهەگبەدا ماوە، بەڵام ئەوەی حەزمکردووە بۆم نووسیون، خۆ ئەگەر پێویستیشیکرد ئەوە بە دەستخۆمانە چەند پاشکۆیەکی بەگەڵخەین و بیخەینە بەرچاوی ئێوەی هێژا،ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم هەمیشە خۆم بە سەرکەوتوو هاتۆتە پێشچاو و، لە شۆرشی چەکدار هاتینەوە و ئینجا بۆ شۆرشی شانۆ تێهەڵچووینەوە، ئەوەی ئێمە لەسەر تەختەی پیرۆزی شانۆ و تەختی تەلەفزیۆنی ژێر دەسەلاتی دوژمنا وتومانە و ورەی جەماوەرمان پێگەیاندەوە بڵندایی، ترسنۆکەکان نەك ئەو کاتە ئێستاش ناوێرن گوێی لێبگرن. بە ئازادی بێکەم و زیاد و سەرفرازیتان ئەسپێرم.

2006/6/2

کۆتایی